Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-01-17

# هەڵسەنگاندنی پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە ژێر ڕۆشنای پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەی پسپۆرەوە

## (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە نامەی ماستەر)

**هیوا غفار علی[1]، بختيار حبيب سعيد[2]**

١. بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنان و پەروەردەی گەرمیان، کەلار،هەرێمی کوردستان - عێراق

٢. بەشی جوگرافیا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان - عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| **Received:** | **June, 2025** |
| **Accepted:** | **July, 2025** |
| **Published:** | **August , 2025** |

**Keywords**

هەڵسەنگاندن، کوالێتی گشتگیر،پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان، مامۆستایان و سەرپەرشتیاران.

**Corresponding Author**

hiwaxafar1@gmail.com

bakhtiyar.habib@garmian.edu.krd

**پوختە:**

ئامانجی توێژینەوەکە هەڵسەنگاندنی پەرتوکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بوو بەپێی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەی پسپۆرەوە لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی بازنەی سێیەم لە سنوری قەزای کەلار بۆ ساڵی خوێندنی(2024–2025) زاینی،نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە(136)مامۆستای بابەتەکۆمەڵایەتیەکان لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لەگەڵ(5) سەرپەرشتیاری پسپۆر لە ڕەگەزی نێر کە بە شێوەیەکی هەرەمەکی هەڵبژێردران، ڕێبازی پەسنی لە توێژینەوەکەدا بەکارهێنراوە،بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە وێژەران فۆرمێکی ڕاپرسیان ئامادەکرد بەشێوەیەکی سەرەتای(106)بڕگەی لە خۆگرت،لە پێناو ڕاستێتی ئامرازی توێژینەوەکە توێژەران هەستان بە دابەشکردنی بەسەر(11)لە شارەزایان،پاش وەرگرتنی بۆچونی شارەزایان ئامرازەکە بە شێوەیەکی کۆتای دابەشبوو بەسەر حەوت بوار و (76)بڕگەی لەخۆگرت،دواتر توێژەران هەستان بە دەرهێنانی جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە بە پشت بەستن بە ڕێگای دووبارە جێبەجێکردنەوە کە (0,88) بوو لەگەڵ ڕێگای ئەلفاکرونباخ کە(0،86)بوو.پاش بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییە پێویستەکان.توێژەران گەیشتن بەم دەرئەنجامانە:

أ.ئاستی بەردەستبوونی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر بۆ پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی بازنەی سێیەم لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیاری پەروەردەی پسپۆرەوە بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستی ناوەنددا بوو بۆ هەر حەوت بوارەکە پێکەوە،ناوەندی شیاوی گشتی لای مامۆستایان(3،29)و لای سەرپەرشتیاران(3،13)بوو.

ب.ئاستی بەردەستبوونی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر بۆ پەرتووکەکانی بابەتەکۆمەڵایەتیەکانی پۆلەکانی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەی پسپۆرەوە پاش دەرهێنانی ناوەندی شیاوی گشتی بۆ هەر بوارێك بەم شێوەیە بوو:

1.پێشەکی پەرتووك:مامۆستایان(3،10)ئاستی ناوەند،سەرپەرشتیاران(3،12)ئاستی ناوەند.

2.ناوەڕۆکی پەرتووك:مامۆستایان(3،18)ناوەند،سەرپەرشتیاران(3،29)ناوەند.

3. بواری هونەری و زمانەوانی پەرتووك:مامۆستایان(3،48)بەهێز،سەرپەرشتیاران(3،56)بەهێز.

4.ئامانجەکانی پەرتووك:مامۆستایان(3،21)ناوەند،سەرپەرشتیاران(3)ناوەند.

5.ئامراز و هۆکارەکانی فێرکردن(وێنە و نەخشە و هێڵکاری ناو پەرتووکەکە):
مامۆستایان(3،53)بەهێز،سەرپەرشتیاران(3،20)ناوەند.

6.هەڵسەنگاندن(پرسیارەکانی کۆتای
بەشەکان):مامۆستایان(3،15)ناوەند،سەرپەرشتیاران(3،03)ناوەند.

7.چالاکییەکانی پەرتووك(ڕاهێنان و پراکتیزەکردنەکان):مامۆستایان(3،42)بەهێز،
سەرپەرشتیاران(2،71)ناوەند.

ج.جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لای مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز نەبوو.

## 1.بەشی یەکەم/ ناساندنی توێژینەوەکە :

### 1_1پێشەکی :

ئەو شۆڕشە زانیارییەی کە ئێستا جیهان بەخۆیەوە بینویەتی، بووەتە هۆی پێشکەوتنی گەورە لە سەرجەم بوارەکانی مەعریفی و پشت بە مەعریفەی زانستی ڕێکخراو دەبەستێت. ئەم بەرەو پێش چونانەش بۆتە هۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا بە ئاستێکی بەرز و سەرەڕای ئەوەش هەمووو پایەکانی پەروەردەی گرتۆتەوە بە پرۆگرامی خوێندنیشەوە. (الثقفي,2020,ل256)، دەبێت پرۆسەی پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن پرۆسەیەکی بەردەوام و گشتگیربێت و هەموو ڕەگەزەکان لە خۆبگرێت، بۆ ڕووبەڕوبونەوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوری و کەلتورییەکان بۆ گەیشتن بە داخوازیەکان و گەشەپێدان. بۆیە پێویستە گرنگی بە گەشەپێدانی پرۆگرامی فێربوون وشێواز و ئامرازەکانی بدرێت لە ژێر ڕۆشنای پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیا و ئاڵنگارییەکانی سەردەم و جیهانگیری و سروشت و تایبەتمەندی کۆمەڵگا و داخوازییەکانی پەرەپێدان. کوالێتی پرۆگرامی فێرکاریش بووەتە پێویستیەك کە بەهۆی گۆڕانکارییە جیهانیەکانەوە لە ڕووی هاوچەرخێتی کێبڕکێ وە سەپێنراوە. کە ئەمەش لە ڕێگەی پرۆسەی هەڵسەنگاندنەوە ئەنجامدەرێت کە بە بەشێکی گرنگی پرۆسەی پەروەردە هەژمار دەکرێت، کە بریتیە لە پرۆسەیەکی ڕێکخراو لە کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان و چۆنیەتی شیکردنەوەیان لە خۆدەگرێت و لە ڕێگەیەوە بڕیار لە سەر ئاستی بەهێزی و لاوازی پرۆگرامی خوێندن و لایەنە پەروەردەیەکان دەدرێت (الأسمري،2020،ل684)، پەرتوکی قوتابخانەش بەڵگەنامەیەکی فەرمیە کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و دامەزراوە تایبەتەکانی پەیوەست بە پرۆگرامی هەر وڵاتێك دادەنرێت و گرنگی تایبەتی هەیەو بە کرۆك و بنچینەی پرۆسەی فێرکاری هەژماردەکرێت و یەکەم سەرچاوەی فێرکردنی قوتابیانە و مامۆستاش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە کاتی پێشکەشکردنی وانەکاندا پشتی پێ دەبەستێت. بەهای پەرتوکی قوتابخانەش لە پرۆسەی فێرکاری بە پێی کۆششی. دانان و ئامادەکردنی زیاد دەبێت، کە ئەرکی دانان و ئامادەکردنی لەسەر بەرپرسانە و دەکەوێتە سەرشانی وەزارەتی پەروەردە بە یارمەتی دەزگا زانستی و پەروەردەییەکان وەکو زانکۆ. پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بوارێکی گرنگ لە بوارەکانی قۆناغە فێرکارییە جۆراو جۆرەکان لە خۆدەگرێت. چونکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ جەخت دەکاتەوە لە سەر مرۆڤ و پەیوەندی و کارلێکردنی بە سەرجەم ئاستەکان. کە ئەمەش سودێکی گەورەی دەبێت بۆ کۆمەڵگا و تاکەکان و بەشدار دەبێت لە گواستنەوەی ڕۆشنبیری و میراتی کۆمەڵگە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر و پارێزگاریلێکردنی، لەرێگەیەوە تاکەکان توانا و کارامەیی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی لێ وەردەگرن.

### 2-1کێشەی توێژینەوەکە :

پەروەردە لە هەموو وڵاتانی جیهاندا ڕووبەڕوی ئاڵنگاری و بەرپرسیارێتی گەورە بۆتەوە و ئەرکیشی قورستر بووە لەم سەردەمەدا، ئەویش لە ئەنجامی پێشکەوتنی مەعریفی و زانیاری لە هەموو بوارەکاندا. بۆ ئەوەی پەروەردە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەمدا بگونجێت دەبێت هاوتەریب بێت لەگەڵ ئەو پێشهاتانەی کە لە کۆمەڵگادا ڕوودەدەن. چونکە پەروەردە ئامانج و فەلسەفەی خۆی لە کۆمەڵگاوە وەردەگرێت. (التميمي،2009،ل24) بەهێزی سیستەمی فێرکاری لە هەر وڵاتێدا پشت بە پرۆگرامی خوێندن دەبەستێت، کە وەك ئامرازی فەرمی دەردەکەوێت بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە فێرکارییەکانی، بە بەڵگەنامەیەکی دانپێدانراوی وەزارەتی پەروەردە یاخود دەزگای پەیوەندیدار لە هەر وڵاتێکدا دادەنرێت. (نادر و ئەوانیتر، ،202، ل598).

پرۆگرامی خوێندن لە سەردەمی ئێستادا ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا هەیە. بۆیە دەبێت جەخت بکاتەوە لە سەرئەوەی کە فێرخواز گرنگی پێبدرێت و تەوەری فێربوون بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەچاوی جیاوازییە تاکەکەسیەکانی نێوان فێرخوازان بکرێت و فێرخواز ڕابهێنێت لە سەر چۆنیەتی خۆگونجاندن بە شێوازی ژیانێکی بەردەوام گۆڕاو. بۆیە دەبێت دارێژەرانی پرۆگرام لە کاتی دانانی پرۆگرام ڕەچاوی تواناو حەزوو ئارەزو و ڕووبەڕووبوونەوەی سەردەم بە زانیارییەکان بکەن.(الخوالدة،2007،ل12).

پەرتووکی خوێندن (پەرتووکی قوتابخانە) لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا پێگەیەکی گرنگی هەیە، ئەویش بەو پێیەی کە کەرەستەیەکی گرنگی پرۆسەی فێرکاریە و لە بەردەستی هەموو فێرخوازاندایە. بە تاکە سەرچاوەی مەعریفی دادەنرێت کە فێرخوازان ئەو زانستانەی پێویستیانە لێیەوە وەری ئەگرن. بە یەکێك لە پایە گرنگ و ڕەسەنەکانی پرۆسەی فێرکاری دادەنرێت لە هەمانکاتدا ئامرازێکی گرنگی دەربڕینی ناوەڕۆکی پرۆگرام و ئامانجەکانێتی. لەگەڵ ئەوەش بە برپەڕەی پشتی پرۆگرام دادەنرێت و سەرچاوەی بنچینەیە لە پرۆسەی فێرکاریدا و هاوەڵی فێرخوازان دەکات لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا. نوێنەرایەتی ئەو دەروازەییە دەکات کە فێرخوازان لە ڕێگەیەوە جیهانی مەعریفی خۆی پێ دەوڵەمەند دەکات بە هەموو فۆرمە جیاوازەکانیەوە.(العزاوي ،2009،ل283)، زۆرێك لە لێکۆڵینەوە و کۆنفرانسەکان جەختیان لە گرنگی دان بە پەرتووکی خوێندن کردۆتەوە لە ڕووی ئامانج و ناوەڕۆك و چالاکیەکان و هەڵسەنگاندن، هەروەها بوونیادنان لە سەر ئەو بنەمایانەی کە گونجاون لەگەڵ تیۆرییە پەروەردەییە نوێکان، لەوانەش کۆنفرانسیی زانستی کە لە بەغداد ساڵی (2005)، بەسترا تیایدا جەختکراییەوە لە گرنگی دان بە پرۆگرامی خوێندن و پەرتووکی قوتابخانەکان وەك بە شێکی بنچینەی پرۆگرام(الجامعة المستنصرية،2005، 11-17)، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە پێناو گرنگی پێدان و پێشخستنی سیستەمی پەروەردە و گەشەپێدانی پرۆگرام لە هەموو کۆنگرە پەروەردەییەکاندا داکۆکی کردووە لە پێناو هاندانی مامۆستایان و چارەسەرکردنی کەم وکورتیەکان کە لە پرۆگرامی خوێندندا بوونی هەیە، واتە بە شێوازێك بێت کە لەگەڵ سەردەمدا بگونجێت و لەو بارەیەشەوە کۆمەڵێك لە ڕاسپاردە و پێشنیاری خستۆتەڕوو بۆ چارەسەری لاوازییەکانی پرۆگرام و پەرەپێدانی، لە وانەش کۆنگرەي ساڵی (2007) کە لە شاری هەولێری پایتەخت بە ناونیشانی (پرۆژەی گۆڕینی

سیستەمی پەروەردە و فێرکردن) بەسترا.( حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە،2007 : 22-24)، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەك لە لێکۆڵینەوەکانی(مامڵێسیی،2009) (الأسمري ،2020) و (مەجید،2023)، جەختیان کردۆتەوە لە پێویستی کوالێتی لە پرۆسەی فێرکاریدا، بە تایبەت پەرتووکەکانی خوێندن لە قوتابخانەکاندا. پرۆسەی هەڵسەنگاندنی پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پۆلەکانی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتی بۆ کەمکردنەوەی بەهای زانستی ئەم پەرتووکانە نیە، بەڵکو خستنەڕوی خاڵە بەهێزەکان و زیاتر پاڵپشتیکردنیانە لەگەڵ خستنەڕوی خاڵە لاوازەکانیان و چۆنیەتی خستنەڕووی چارەسەرکردنیان، لە ڕێگەی وەرگرتنی تێڕوانینی مامۆستایانی بابەت کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی پێیانەوە هەیە، دەتوانرێت لاوازی و کەموکوریەکان چارەسەر بکرێت، دەتوانین کێشەی توێژینەوەکە بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەستنیشان بکەین. ئایا ئاستی پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی پۆلەکانی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەمی بنەڕەتی لە ڕووی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەوە لە چ ئاستێکدایە؟

## 1-3 گرنگی توێژینەوەکە :

تێڕوانینی نەریتی پەیوەست بە پرۆگرامی قوتابخانە بۆتە شتێکی قبوڵنەکراو بۆ پەروەردیاران و پسپۆڕانی بواری پرۆگرامی خوێندن، بەو پێیەی کە پرۆگرام چیتر سنووردار نییە بە بابەتی خوێندنەوە، بەڵکو ڕۆڵی فراوانتر بووە و هەموو جۆرە چالاکیەکی پەیوەست بە ژیانی فێرخوازان لەخۆدەگرێت کە ئەنجامی دەدەن، لە ناوەوە و دەرەوەی بینای قوتابخانە.(العزاوي،2009،ل76).

بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لەو بابەتانەن کە زۆرترین پەیوەستیان بە واقیعی کۆمەڵگا و ئەو ئاڵنگارییانەوە هەیە کە ڕووبەڕویان دەبێتەوە، ئامادەکردنی هاوولاتیەکی باش و چاکەکار کە توانای بەشداریکردنی هەبێت لە بونیادنانی کۆمەڵگەکەیدا، یەکێکە لەو ئامانجانەی کە پرۆگرامەکانی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات.(قطاوي،2007،ل20)، پرۆگرامی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان یەکێکە لە پرۆگرامە گرنگەکانی قۆناغی بنەڕەتی و ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە ئامادەکردنی خوێندکار بۆ ئەوەی ببێتە ڕەگەزێکی کارا لە کۆمەڵگەکەیدا و هەروەها ببێتەهۆی پاراستنی ئاکار و بەها و پرەنسیپەکانی شارستانیەتە دێرینەکەی. بۆچونی پسپۆڕانی بواری پەروەردە دەربارەی پرۆگرامی باش و سەرکەوتوو ئەوەیە کە زۆرترین ئەو زانیارییە بنچینەیانەی لەخۆگرتبێت کە پێویستن لە بونیادنانی ئەقڵیفێرخوازان. (عەطیة،2008،ل59)، دەتوانین گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتبکەینەوە:

1.گرنگی پەرتووکی خوێندن بە شێوەیەکی گشتی لە پرۆسەی فێرکاریدا.

2.گرنگی پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی قۆناغی بنەڕەتی بە تایبەت قۆناغەکانی حەوت و هەشت و نۆی بنەڕەتی کە قۆناغێکی گرنگە لە تەمەنی خوێندکاران.

3.زانینی ئاستی بەردەستبوونی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر بە مەبەستی پەرەپێدان و گۆڕانکاری کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت کاری لە سەر بکرێت.

4.گرنگی پەروەردە و ڕۆڵی لە بونیادنانی نەوەیەك، کە تواناداربێت بۆ ڕووبەڕوبونەوەی ئاڵنگارییەکان و بیرکردنەوە لە داهاتوو.

5.ئەنجامەکانی توێژینەوەکە سوودی دەبێت بۆ دانەرانی پەرتووکەکانی خوێندنگاکان بە تایبەت پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی قۆناغی بنەڕەتی، بەمەبەستی پەرەپێدانی پەرتووکەکانی خوێندن و گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان.

**1-4سنوری توێژینەوەکە :** دەتوانین سنوری توێژینەوەکە بەمانەی خوارەوە دەستنیشان بکەین:

أ.سنوری مرۆی: ئەو مامۆستایانە دەگرێتەوە کە بابەتە کۆمەڵایەتیەکان دەڵێنەوە لە پۆلەکانی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتی بۆ هەردوو ڕەگەز (نێر و مێ) لەگەڵ سەرپەرشتیارانی پسپۆری بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕەگەزی (نێر).

ب.سنوری جوگرافی: قوتابخانە بنەڕەتیەکانی بازنەی سێیەم لە سنوری قەزای کەلار دەگرێتەوە.

ج.سنوری کاتی: ساڵی خوێندنی (2024- 2025) زاینی دەگرێتەوە.

د.سنوری بابەتی: هەڵسەنگاندنی پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە ژێر ڕۆشنای پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی پسپۆڕەوە دەگرێتەوە.

## 1-5ئامانجی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە دایە :

1. زانینی ئاستی بەردەستبوونی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر بۆ پەرتوکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پسپۆڕەوە بە شێوەیەکی گشتی.

2. زانینی ئاستی بەردەستبوونی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر بۆ پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان پۆلی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەی پسپۆڕەوە بۆ هەریەك لە بوارەکانی (پێشەکی پەرتووک، ناوەڕۆکی پەرتووك، لایەنەکانی هونەری و زمانەوانی پەرتووك، ئامانجەکانی پەرتووك، ئامراز و هۆکارەکانی فێرکردن (وێنەو نەخشەو هێڵکاری ناو پەرتووکەکە)، هەڵسەنگاندنی پەرتووك، چالاکیەکانی پەرتووك) بە شێوەیەکی جیا.

2. زانینی ئاستی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بە پێی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر بۆ پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان پۆلی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر و مێ).

## 6-1پێناسەی چەمك و زاراوەکانی توێژینەوەکە :

### 1.هەڵسەنگاندن :

- پێناسەی (Shinde,2022) بریتییە لە بڕیاردانێکی گشتگیر بۆ دەرئەنجامی پرۆگرامێك، ئەویش لە ڕێگەی تێبینیەکان، تاقیکردنەوەی جۆراوجۆر، فۆرمی ڕاپرسی، چاوپێکەوتن، بە مەبەستی دەرخستنی لایەنی بەهێزی و لاوازی پرۆگرامەکە.(Shinde,2022 ,p3).
- (عطية،2013) شێوازێکە کە تێیدا ئەو زانیاریانەی کە لە ڕێگەی پێوانەکردنەوە کۆکراونەتەوە وەک بنەمایەک بەکاردێت بۆ بڕیاردان لە سەر ئەو شتانەی پێوانە دەکرێن بە مەبەستی دەستنیشانکردنی مەودایی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان(عطية،2013،ل12).
- پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ هەڵسەنگاندن: بریتیە لە سەرجەمی ئەو نمرانەی کە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بەدەستی دەهێنن لە سەر وەڵامدانەوەیان بۆ بڕگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە.

### 2.پەرتوکی خوێندن :

پێناسەی (مطاوع،1995) :ڕەگەزێکی گرنگە لە پرۆسەی فێرکاری و یەکێکە لەو ئامرازانەی کە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لە قوتابخانەکاندا، فێرخوازان پشتی پێ دەبەستن وەکو کەرەستەی خوێندن، هەروەها زانیاری و بیرۆکەکان و چەمکە سەرەکیەکان بە شێوەیەکی دیاریکراو لە خۆدەگرێت.( مطاوع،1995،ل290).

پێناسەی (دبور،2001): ئامرازێکی بنچینەیە کە ئامادە دەکرێت و دەخرێتە بەردەستی فێرخوازان، لە ڕووی زانستی و وشەسازی و خاڵبەندی و هەڵەی چاپکردنەوە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت و لەلایەن دەسەڵاتی باڵای دەوڵەتەوە تۆماردەکرێت و دواتر دەخرێتە بەردەست بە مەبەستی خزمەتی پرۆسەی فێرکاری فێرخوازان.(دبور، 2001،ل40).

پێناسەی توێژەران بۆ پەرتوکی خوێندن: بریتیە لە ئامرازێکی سەرەکی پرۆسەی فێرکاری کە یارمەتیدەری مامۆستا و خوێندکارانە و بۆ هەر بابەتێك پەرتوكێکی تایبەت دانرە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و بەشی پرۆگرامەکان لە هەر وڵاتێکدا.

### 3. پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان :

پێناسەی (خاطر وسبيتان،2010) : ئاماژەن بۆ کۆمەڵە پرۆگرامێکی خویندن لە قوتابخانەکاندا کە پێکهاتون لە مێژوو، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتمانی، کۆمەڵناسی، ئابووری، خوێندنی کۆمەڵایەتی، فەلسەفە، لۆژیک، دەروونناسی، ڕەوشت، هەموو ئەم بابەتانە بە سروشتی خۆیان مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگا و واقیع و هیوا و ئاوات و ئامانجەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو دەکەن. لە لایەکەوە خەریکی لێکۆڵینەوەن لە پەیوەندییە مرۆییەکان و لە لایەکی دیکەوە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەکەیدا دەخەنەڕو. (خاطر وسبينان،2010،ل9).

پێناسەی (سلطان,2017): لقێکە لە لقەکانی مەعریفە، گرنگی بە لێکۆڵینەوەی هەموو شتێك دەدات دەربارەی ژیانی مرۆڤ و لەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژی. (سلطان,2017،ل515).

پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ بابەتە کۆمەڵایەتیەکان : بریتیە لە پەرتووکی خوێندنی قوتابخانەی بۆ خوێندکاران ، کە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بە پێی پێوەرە نیشتمانیەکان بۆ پرۆگرامی خوێندن بۆ هەریەك لە پۆلەکانی حەوتەم وهەشتەم و نۆیەمی بنەڕەتی ئامادەی کردووە، لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە کە ئەویش مێژوو و جوگرافیایە.

### 4.مامۆستا :

پێناسەی (عەزیز،2014) : هەڵسوڕێنەر و ڕێکخەر و ئاراستەکەری پرۆسەی فێرکردنە، خاوەنی چەندین لێهاتووی نواندن و پێشکەشکردن و پیشەی و ئاکاری زانستییە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خوێندنگە و پرۆگرام و فێرخوازان و کۆی ژینگەی پەیوەندیدار بە پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەکردنەوە.( عەزیز،2014،ل71).

پێناسەی (ڕەسول،2017): ئەو کەسەیە کە ئامادەکراوە بۆ وانەوتنەوە لە قوتابخانەکاندا، کە پێویستە زانیاری و زانستی لە پسپۆڕی خۆی ئەوەندە هەبێت، کە بەسەرکەوتووی پراکتیزەی وانەوتنەوە بکات، لە هەمان کاتدا پێویستە شارەزایی دەرونزانی و ڕێگا و شێوازەکانی وانەوتنەوە بێت.( ڕەسول،2017،ل80).

پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ مامۆستا: ئەوکەسەیە کە ئامادەکراوە لە ڕووی زانستی و دەروونی و پیشەیەوە بۆ پرۆسەی وانەوتنەوە، و ڕێکار و پێویستیەکانی پلاندانانی وانەوتنەوە و بەڕێوەبردن و کۆنترۆلکردنی پۆل لە وانەوتنەوەدا دەگرێتەبەر، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکانی وانەوتنەوە.

### 5.سەرپەرشتیاری پەروەردەی :

پێناسەی (البوات،2022) :کەسێکی پسپۆڕە لە سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی پەروەردەیی، لە چوارچێوەی سیستەمێکی پەروەردەیی یەکخراودا چالاکییە ئاراستەکراوەکانی ڕێکارەکان و پرۆگرام و شێوازەکانی فێرکاری و فێربوون ئەنجام دەدات، سەرەڕای ئەوەش ئەرکی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەکنیکیە لە سەر بنەمای پلانی دروست و چالاکی زانستی ڕێکوپێک بە ئامانجی باشترکردنی پرۆسەی فێرکاری فێربوون. کە ئەمەش یارمەتیدەرە بە ئاراستەی گەشەپێدانی پیشەی وانەوتنەوە لای مامۆستایان.( البوات،2022،ل45).

پێناسەی (الربیعی ،2012) :کەسێکی بەرپرسیارە لە ئاڕاستەکردنی کارمەندانی دامەزراوەی پەروەردەیی لەگەڵ مەشقپێکردنیان و هاندانیان و چاودێریکردنیان، بە ئامانجی هەماهەنگیکردنی هەوڵەکانیان و هەڵسەنگاندنی ئەنجامی کارەکانیان بۆ ئەوەی ئەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە بە شێوازێکی سەرکەوتوانە ئەنجامی بدەن. (الربیعی،2012،ل94).

پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ سەرپەرشتیاری پەروەردەی: بریتیە لە سەرپەرشتیاری پسپۆری بواری بابەتە کۆمەڵایەتیەکان، کە کەسێکی پسپۆرە و کار دەکات بۆ یارمەتیدانی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە دانانی پلان وهاندانیان بۆ بەردەستبونی ژینگەیەکی فێرکاری گونجاو، لەگەڵ پراکتیزەکردنی شێوازە فێرکاریە جۆرا و جۆرەکان و ئامادەکردنی ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی فێرخوازان و باشترکردنی ئەدائی وانەوتنەوەی مامۆستایان و گەشەپێدانی پیشەی وانەوتنەوە لایان، ئەویش بە مەبەستی بەرزکردنەوەی دەستهاتی فێرخوازان.

## 6.پێوەر :

پێناسەی (البیلاوی،2008): بریتییە لە بەرنامەیەك کە لە ئاستێکی پێشبینیکراودا دانراوە لەلایەن دەزگایەکی بەرپرسیار یان دانپێنراوەوە، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراوی خوازراو و بەدەستهێنانی پلەیەکی خوازراو لە کوالێتی تایبەتمەند و جیاکار. (البیلاوی،2008،ل78)

پێناسەی (حلس،2004): بریتیە لە کۆمەڵە مەرج و ئەحکامێکی ڕێکخراو کە بەشێوازێکی زانستی دانراون، وەک بنەمایەک یان بناغەیەک بۆ بەراوردکردن و حوکمدان لەسەر بەهاکان یان چەندایەتی بەکاردەهێنرێن، بە ئامانجی دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێزەکان و زیاتر بەهێزترکردنیان، یان دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان. (حلس،2004،ل11).

پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ پێوەر: توێژەران بە پشت بەستن بە ئەدەبیاتی توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشوو هەستاون بە ئامادەکردنی پێوەرێك بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی بەردەستبوونی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر، لە پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی بۆ پۆلەکانی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەی پسپۆڕەوە، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت بڕیار لە سەر ئاستی باشی یان خراپی پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی هەر سێ قۆناغ بدرێت.

## 7.کوالێتی گشتگیر :

پێناسەی (البیلاوي ،2008): بریتیە لە کۆمەڵێك لە پێوەر و ڕێکارەکان، کە پێویستە پشتی پێببەسترێت و جێبەجێ بکرێت بە مەبەستی بە دیهێنانی ئامانجەکان.( البیلاوي،2008،ل12)

پێناسەی (Dave &peter ,1992): بریتییە لە بەدیهێنانی ئامانج و خواست و پێداویستییەکانی سوودمەندبووان بە بەردەوامی .( Dave &peter,1992 ,p18)

پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ کوالێتی گشتگیر: بریتیە لە کۆمەڵێك پێوەر کە توێژەران بونیادیان ناوە بە پشت بەستن بە بۆچونی شارەزایان و مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە قۆناغی بنەڕەتی و مەودایی بەردەستبوونی ئەو پیوەرانە لە پەرتوکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی پۆلەکانی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەمی بنەڕەتی.

## 2.بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری وتوێژینەوەکانی پێشوو

### 1-2چەمکی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی:

مانای هەڵسەنگاندن لە ڕووی زمانەوانیەوە؛ خەمڵاندنی نرخی شتێکە، یان ئاستی بڕیاردانە لە سەر بەهاپێدان پێی، یان ڕاستکردنەوە و هەموارکردنەوەی هەڵە و ناڕاستیەکانی ئەو شتە لە خۆدەگرێت. واتە ئەگەر کەسێك بڵێت بەهام بۆ شتێك داناوە واتە نرخی بەو شتەداوە و بەهایەکی زانراو و ئاشکرای پێداوە. لە بواری پەروەردەدا؛ هەڵسەنگاندن بریتییە لە بڕیاردان لە سەر بەهای شتەکان، بابەتەکان یان بیرۆکەکان. کەواتە پرۆسەی هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی سیستماتیکی و ڕێکخراو و پلان بۆ دارێژراوە.(کاظم,2001،ل17).

پرۆسەیەکی ڕێکخراوە لە کۆکردنەوەی زانیاری، پاشان لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی، و لە کۆتاییدا بڕیاردان لەسەری و دەستکردن بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی ڕێکارەکان سەبارەت بەو زانیاریانە بە ئامانجی گۆڕانکاری و گەشەپێدان. هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی شێوازێکە کە جەخت دەکاتەوە لە سەر دەستنیشانکردنی دروستی هەر بابەتێک، وەك نیشاندەرێکی زانستی کار دەکات بۆ دیاریکردنی کارایی سەرجەم ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەروەردەیی، بە تایبەت بەڕێوەبردنی قوتابخانە، کە بە پێوەری سەرەکی بۆ سەرکەوتنی ڕەگەزەکانی تر دادەنرێت.(دروزة،2005،ل15).

(ابو حویج و ئەوانیتر،2002) پێیان وایە کە لە ڕێگەیەوە بڕیار لە سەر مەودایی سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکاری دەدرێت سەبارەت بە بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان.( ابوحویج و ئەوانیتر،2002،ل11).

(الأغبري،2000،ل17) : پێی وایە کە بریتییە لە بەکارهێنان و شیکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە لە ڕێگەی پێوانەکردنەوە دابین دەکرێن بە مەبەستی بڕیاردانی پەیوەست بە سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەیی. بەم شێوەیە تیشک دەخاتە سەر هەڵسەنگاندنی چەندایەتی و چۆنایەتیی دیاردەکان.( الأغبري،2000،ل17).

لەو پێناسانەی پێشووەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی: بریتییە لە پرۆسەی هەموارکردن و چاکسازی، کە لە ڕێگەیەوە خاڵە لاوازەکان دەستنیشان دەکرێن بە مەبەستی چارەسەرکردنیان و هەروەها تیشك دەخرێتە سەر خاڵە بەهێزەکانیش بۆ ئەوەی زیاتر

بایەخیان پێبدرێت و بەهێزتر بکرێن. کەواتە پرۆسەیەکی بەردەوامە کە هەموو ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەروەردەیی تیایدا بەشدار دەبن بۆ گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان.

## 2-2جۆرەکانی هەڵسەنگاندن :

1.هەڵسەنگاندنی سەرەتای: ئەم جۆرە پێش دەستپێکردن بە جێبەجێکردنی پرۆگرام و بەرنامەیەک ئەنجام دەدرێت، بە مەبەستی بە دەستهێنانی مەعریفەی پێشوەختە دەربارەی ئەو زانیارییانەی کە لە پرۆگرام و بەرنامەکەدا مەبەستە کە فێرخوازان بە دەستی بهێنن.

2.هەڵسەنگاندنی پێکهێنەر(بونیادی): بە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی سیستەماتیکی (ڕێکخراو)یش ناودەبرێت، ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە هاوشانی پرۆسەی فێرکردنە و تا کۆتای کۆرس یا وەرز و ساڵەکە بەردەوامی دەبێت. مامۆستا بەردەوام پرسیار ئاراستەی فێرخوازان دەکات، بە مەبەستی زانینی مەودای بەرەوپێش چوونی فێرخوازان.

3.هەڵسەنگاندنی کۆتای: لێرەدا پرۆسەی هەڵسەنگاندن پاش تەواوکردنی پرۆگرام و بەرنامەکان ئەنجادەدرێت، و بڕیار لە سەر دەرچوون یان دەرنەچوونی فێرخوازان دەدرێت. لە هەڵسەنگاندنی کۆتایدا، خاڵە بەهێز و لاوازەکانی پرۆگرام و کاریگەری مامۆستای باش یان خراپ دەردەکەوێت و دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە بڕیار لە سەر باش و خراپی پرۆگرامەکانی خوێندن بدرێت.(ملحم، 2012، ل46).

4.هەڵسەنگاندنی پێوەری: لەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا، بە پێی پێوەری تایبەتی کە بە زۆری ناوەندی ژمێرەییە بڕیاڕ لە سەر کارو چالاکی و بەرهەمەکان دەدرێت.

5.هەڵسەنگاندنی مەرجی و مەحەکی: لەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا هەر لە پێشەوە و لە سەرەتا و ە سەنگ و مەرج (مەحەکی) تایبەتی دیاری دەکرێن و دواتر ئاست و بەرهەم و چالاکییەکانی تاك بە ئەو مەرج و (مەحەکە) بەراورد دەکرێت و لە ڕێگەی ئەو مەرج و سەنگ و (مەحەکە)وە هەڵسەنگاندن دەکرێت.(قەرەچەتانی، 2013،ل239 - 241).

## 3-2بنەماکانی هەڵسەنگاندن :

1.پرۆسەی هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی چارەسەری خۆپارێزی و دەستنیشانکەرە، بۆ ئاشکراکردنی لایەنی لاوازی ڕاستکردنەوە و پڕکردنەوەی کەلێنەکان.

2.پرۆسەی هەڵسەنگاندن پرۆسەیەگی گشتگیرە، ئەمەش بە واتای ئەوەی کە پرۆسەی هەڵسەنگاندن گشت بوارەکانی ئامانجی پەروەردەی (مەعریفی و ویژدانی و کارامەی) لە خۆدەگرێت.

3.پرۆسەی هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی بەردەوام وبەشێکی ڕەسەنی پرۆسەی فێرکارییە.

4.پرۆسەی هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی هەرەوەزییە کە (مامۆستا و فێرخواز و بەخێوکەر و سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەر و قوتابخانە)ش لەخۆدەگرێت.

5.پرۆسەی هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی زانستیە، ئامانجی زانینی دەسکەوتی فێرخوازە لە میانەی ئامرازی پێوانەکردندا.(ڕەشید،2021،ل26-27).

6.لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن دا پێویستە لایەنی ئابوری لە بەرچاوبگیرێت. ئەمەش بە واتای پاشەکەوتکردنی کات و هەوڵ و تێچوون. واتە ئەگەر بمانەوێت هەڵسەنگاندنێک ئەنجام بدەین کە لە ڕووی کاتەوە ئابووری بێت، ئەوا پێویستی بە ڕەچاوکردنی کاتەکانی هەردوولا مامۆستا و ف]رخوازان هەیە. ئەمەش بەو مانایە دێت، کە لە کاتی هەڵسەنگاندنی فێرخواز نابێت مامۆستا سەرقاڵ بکات لە کارەکانی تری،یان کاتێکی زیاتر لە پێویستی بۆ تەرخانبکرێت.

7.پێویستە هەڵسەنگاندن لە سەر بنەمایەکی زانستیانە بێت، بەو پێییەی جەختبکرێتەوە لە ڕاستگۆی و جێگیری و بابەتی بوون و جۆراجۆری و جیاکاری و تایبەتمەندییەکان.(ڕەشید،2021،ل35).

## 4-2هەڵسەنگاندنی پەرتووکی قوتابخانە :

پەرتووکی قوتابخانە بۆ فێرخوازان بە سەرچاوەیەکی سەرەکی دادەنرێت کە یارمەتی فێرخوازان دەدات تا زانیاری و شارەزاییەکانیان لە ڕێگەیەوە بە دەستبهێنن. هەروەها لە چەندین لایەنەوە کاردەکاتە سەر کەسایەتی فێرخوازان، کار لە کۆمەڵگەش دەکات و بە کۆڵەکەی گرنگی پێشکەوتن و باڵای هەر کۆمەڵگەیەك دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەی پەرتووکی قوتابخانە گرنگە ڕەنگە ببێتە سەرچاوەیەکی هەڵە بۆ فێرخوازان، لێرەدا سەرچاوەی ترسەکە لەو لایەنەوە دەست پێدەکات، کە ڕەنگە هەندێ هەڵە لە پەرتووکی قوتابخانەدا هەبێت لە ناوەڕۆکی زانستی و بە ڕاست وەرگیرابێت یان کەم و کورتی تیادابێت، پێویستە بە سەرماندا تێنەپەڕن و وەك خۆیان بمێننەوە، بۆیە دەبێت پەرتووکەکە هەڵبسەنگێنرێت تا ئاگاداری لایەنی باشیەکەی بین و جێگیری بکەین و لایەنی کەموکورتی و لاوازییەکانیشی دەستنیشان بکەین و چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە و بەسەریدا زاڵبین. کاری هەڵسەنگاندنی پەرتووکی قوتابخانەش بە دوو ڕێگا دەبێت، یەکەمیان: ناوەکیە و ئەو لایەنە لە خۆدەگرێت کە پەرتووکەکەی داناوە و پێش ئەوەی فێرخوازان بەکاریبهێنێت. بەڵام دووەمیان: بریتیە لە هەڵسەنگاندنی دەرەکی واتە ئەوانەی کە بەشداریان لەدانانی پەرتووکەکەدا نەکردووە(ڕەشید،2021،ل35)، لە بواری هەڵسەنگاندنی پەرتووکی خوێندندا (الحارثي،2005) ، ئاماژەی بە سێ لایەنی گرنگ و سەرەکی داوە کە پێویستە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت ئەوانیش: ناوەڕۆکی پەرتووك،

ڕێگاکانی خستنەڕووی ناوەڕۆکی پەرتووکی خوێندن، دەرکەوتنی کاریگەری لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا) ، هەروەها پێویستە کۆمەڵێك ڕوانین و دیدی جیاواز دەربارەی پەرتووکی خوێندن بخرێتەڕوو، لە ڕێگەی کۆمەڵێك پرسیارەوە لەوانەش:

**1.**ئایا پەرتووکەکە ئەو مەبەستەی کە لە پێناویدا دانراوە بەدی دەهێنێت؟

**2.**ئایا پەرتووکەکە تا چەند گونجاوە لەگەڵ ئەو ئامانجانەی کە لە پێناویدا دانراوە؟

**3.**ئایا پەرتووکەکە سەرنجراکێشە بۆ خوێندنەوە؟

**4.**ئایا پەرتووکەکە بە شێوەیەکی گشتگیر و قوڵ باسی ئەو بابەتە دەکات کە دەخرێتەڕوو؟

**5.**ئایا پەرتووکەکە زانیاری زۆر و تێروسەلی لەخۆگرتووە؟( الحارثي،2005، ل121).

## 5-2 پەرتووکی خوێندن (پەرتوکی قوتابخانە) :

بە واتای ئەو پەرتوکە دێت کە زانیارییەکانی بوارێکی دیاریکراو لەخۆ دەگرێت لە چوارچێوەی قوتابخانەدا ئاراستەی فێرخوازان دەکرێت. دەتوانین بڵێین پەرتوکی خوێندن، یەکێکە لەو ئامرازانەی کە لە ڕێگایەوە ئامانجە پەروەردەییەکان بەدی دەهێنرێن. (محمد،2019، ل89)، ئامرازێکە کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو کەرەستە و ڕێبازی وانە و وێنەو و نەخشەکان لەخۆدەگرێت. یەکێکە لە ئامرازە بنچینەیەکانی وەرگرتنی مەعریفە، هەندێکیش بە جەوهەری پرۆسەی پەروەردەیی دەزانن، چونکە ئەو زانیاریانە دیاری دەکات کە بە فێرخواز دەخوێندرێت، چ لە ڕووی چەندایەتی و چۆنیەتیەوە بێت و دوورە لە هەڵە و گومان کردن. (بلعيد،2008، ل138).

## 6-2تایبەتمەندییەکانی پەرتووکی خوێندنی نموونەی :

1.دەبێت ناوەڕۆکی پەرتووکی قوتابخانە لەگەڵ تازەگەری و هەموو زانستە نوێکاندا گونجاوبێت.

2.دەبێت زانیاری و چەمکەکانی پەرتووکەکە لەگەڵ تواناى فێرخوازاندا گونجاوبێت.

3.ناوەڕۆکی پەرتووك ڕوون بێت و دووربێت لە نارووني و ئاڵۆزی.

4.گرنگی دان بە شێوازەکانی هەڵسەنگاندن، بە جۆرێك کە هەڵسەنگاندن مەبەست لێی دەستنیشانکردنی لاوازی و کەموکورتیەکان بێت و هەوڵی چارەسەریان بدرێت.

5.ڕەچاوکردنی مەرجەکانی پەرتووکی باش لە ڕووی شێوە و چاپ و جۆری لاپەڕە و قەبارەی نوسین و بەرگ و گونجاوی لە نێوان دێڕەکان.(نادر و ئەوانیتر 2024،ل604).

6.پێشەکیەکی پوخت و ڕوونی بۆ فێرخوازان لە خۆگرتبێت کە تیایدا چەند خاڵێك ڕوونکرابێتەوە وەك ئامانجەکانی پەرتووکەکە لەگەڵ چەند ڕێنماییەك بە بەمەبەستی بەکارهێنانی پەرتووکەکە بە باشترین شێوە.

7.شێوازی دارشتنی زانیارییەکان دەبێت بە شێوەیەك بێت هانی بیرکردنەوە بدات و پاڵنەری فێربوونی فێرخوازان زیاد بکات.

8. پەرتووکەکە ڕێبەری مامۆستایانی لەگەڵدا بێت بۆئەوەی بتوانن بە باشی وانەکان بڵێنەوە.

9.بەستنەوەی زانیارییەکان بە ژیانی ڕۆژانەی فێرخوازانەوە .(محمد،2019،ل96-97).

## 7-2گرنگی پەرتووکی خوێندن (پەرتوکی قوتابخانە) :

1.گرنگی پەرتوکی خوێندن لە پرۆسەی پەروەردەدا بەشێوەیەکی بەرچاو دەردەکەوێت، بریتییە لەو دەفرەی کە مادەی فێرکاری تیادا هەڵگرتووە، بە یەکێك لە گرنگترین ئامرازە پێویستەکان دادەنرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پرۆگرامی خوێندن.

2.پەرتووکی خوێندن نوێنەرایەتی ناوەندی پرۆژەی پەروەردەیی دەکات، سەرچاوەی بەردەستی مامۆستایە لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا و فێرخوازان لە ڕێگەیەوە زانیارییەکان بەدەست دەهێنن.

3.زانیاری و ئەزموونەکان بە شێوەیەکی سادە و ئاسان و سەرنجراکێش و تایبەت دەخاتەڕوو، کە لەگەڵ ئاستی زانیاری و تەمەنی فێرخوازاندا گونجاوە.

4.پەرتووکی خوێندن توانای خوێندنەوەی فێرخوازان لە بابەتی توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان پەرەپێدەدات.

5. ئامادەکردنی وانەکان بۆ مامۆستایان ئاسانتر دەکات، بەو پێیەی بەشی پێویستی زانیاریان لە ئامادەکردنی وانەکان بۆ دابین دەکات.(تعشاشات، 2022،ل380).

## 8-2 چەمکی کوالێتی گشتگیر لە پرۆسەی فێرکاریدا :

جیاوازی لە نێوان بیروبۆچونی پسپۆراندا هەیە لە دەستنیشانکردنی چەمکی کوالێتی گشتگیر لە پرۆسەی فێرکاری، قورسە لە یەك گۆشەنیگاوە دەستنیشانی پێناسەیەك یان تێڕوانینێکی دیاریکراوی بۆ بکەین، بۆیە پێویستە هەمەلایەنە بێت و هەموو پێداویستی و خواستە پەیوەندیدارەکانی خوێندکاران و دایکان و باوکان و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان بە تایبەتی و کۆمەڵگا بە گشتی لەخۆبگرێت.

(حمود، 2009) بەم شێوەیە کوالێتی گشتگیری پێناسەکردوە : بریتیە لە فەلسەفەی ئیداری لە دام و دەزگاکاندا کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت بزانرێت چۆن پێداویستییەکانی بەکاربەر دابین بکرێت و ئامانجەکانی پرۆژەکەش بەدەست بهێنرێت.( حمود، 2009،ل74)، هەروەها (احمد،2003) کوالێتی گشتگیری لە بواری پەروەردەدا بەم شێوەیە پێناسە کردوە: ستراتیژێکی ئیداریە لە بواری پەروەردەدا بە شێوازێکی

نوێگەری و ئامانجی دام و دەزگا فێرکارییەکانە، لە سەر بنەمای کۆمەڵێك پرەنسیپ دانراوە، بە مەبەستی ئەوەی لە دەرئەنجامی پرۆسەی پەروەردەدا فێرخواز لە بەرزترین ئاستی کوالێتی دا گرنگی پێبدرێت، لە سەرجەم لایەنەکانی کەسێتی و گەشەی ئەقڵی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و جەستەی. (احمد ،2003، ل166)، ئەمەش لە پێناو ئەوەی خوێندکاران دوای تەواوکردنی خوێندن ببنە کاندێکی باش لە بواری کارکردندا و سەرجەم دام و دەزگاکانی نێو کۆمەڵگا بتوانن سوود لە تواناکانیان ببینن لە سەرجەم بوارەکاندا، کوالێتی گشتگیر ئاماژەن بۆ تەعبیرکردن لە کۆمەڵێك تایبەتمەندی کە بە ووردی و گشتگیری ناسراون، کە ئامانجەکانی دام و دەزگای فێرکاری و ڕەهەندە جۆراو جۆرەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە خۆدەگرن، لە رووی هەر سێ پرۆسەی داخلراوەکان (مدخلات) و جێبەجێکردنەکان و دەرئەنجامەکان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکانی کۆمەڵگا.(فلية،2007، ل343).

## 9-2سوودەکانی کوالێتی گشتگیر لە پرۆسەی فێرکاریدا :

1. کۆنترۆڵکردن و پەرەپێدانی سیستەمی کارگێڕی لە قوتابخانەدا، ئەویش لە ڕێگەی خستنەڕووی ڕۆڵەکان و دەستنیشانکردنی بەرپرسارێتییەکان.
2.کۆنترۆڵکردنی گلەی و گازندە و کێشەکانی فێرخوازان و دایك و باوکی فێرخوازان، لەگەڵ خستنەڕووی چارەسەری گونجاو بۆیان.
3.زیادکردنی کارایی فێرکاری و بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدائی سەرجەم کارگێران و مامۆستایان و کارمەندانی قوتابخانە.
4.بەرزکردنەوە و بەرەو پێشچوونی ئاستی خوێندکاران لە سەرجەم ئاستەکانی جەستەی و ئەقڵی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و روحی.
5.بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری فێرخواز و دایك و باوکی فێرخوازان بە ئاراستەی قوتابخانە، لە ڕێگەی پابەندبونیان بە سیستەمی کوالێتی گشتگیر.
6.هاوبیری و یەکگرتووی نێوان سەرجەم کارگێران و مامۆستایانی قوتابخانە و کارکردنیان بە روحێتی یەك تیم.
7.تواناداركردنی قوتابخانە لە شیکردنەوەی کێشەکان بە ڕێگایەکی زانستی و مامەڵەکردن لەگەڵیان بە گرتنەبەری ڕێگا دروستەکان.
8.بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان بە کەمترین کات و تێچوون، لەگەڵ کۆنترۆڵکردن و پەرەپێدانی سیستەمی کارگێڕی لە قوتابخانەکاندا.(الأسمرى،2020،ل692-693).

## 10-2ئامانجەکانی کوالێتی گشتگیر لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا :

1.زیادبونی تواناداری لە پێشبڕكێکردندا لە لایەنی باشی کوالێتی.
2.زیادکردنی نەرمی نواندنی ڕێکخراو لە مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕاوەکاندا، واتە تواناداری لە قۆستنەوەی دەرفەتەکان، دورکەوتنەوە لە بەربەست و ڕێگرییەکان.
3.جەختبکاتەوە لە سەر خوێندکار و باشترکردنی جۆری فێربوون و گەشەپێدانی ڕەهەندەکانی دەرهاویشتەی (مخرجات) فێرکاری خوازراو.(داود،2010،ل27).
4.بوونی ڕوانینێکی گشتگیر بۆ پرۆسەی فێرکاری دوور لە پەرتەوازەی.
5.جەختکردنەوە لە پرۆسەی مەشقکردنی بەردەوام، لە کاتێکدا کە خزمەت بە هەموو کارمەندان بکات کەئەم لایەنەش بە یەکێك لە بنەماکانی کوالێتی گشتگیر دادەنرێت.
6.جەختکردنەوە لە هەماهەنگی و هاوکاری و پەیوەندییە مرۆییەکانی نێوان کارمەندان بە ڕادەی بەشداریکردن لە دەستکەوتی کارکردن.(ابراهيم،2012،ل184).
7.جەختبکاتەوە لە فێربوونی خودی لای خوێندکاران ڕۆڵی ڕێکخراوی پەروەردەیی ئاسانکاریکردنە بۆ پرۆسەی خۆ فێربوون لە ڕێگەی شێوازی فێربوونی خودی و تاکەوە.
8. پەرەپێدانی پێکهاتەی کارگێڕی پەروەردە و ڕێگەدان بە بەشداریکردن لە بڕیاردانی پەیوەست بە پەروەردە.(الكبساني ، 2013،ل557).

## 11-2بنەماکانی کوالێتی گشتگیر لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا :

سەرەڕای ئەوەی کە کوالێتی گشتگیر چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، بەڵام ڕێککەوتنی گشتی سەبارەت بە گرنگترین بنەماکان لە کوالیتی گشتگیردا هەیە و دەبێت لە بەرچاویان بگرین لە کاتی هەوڵدان بۆ جێبەجێکردن و ئیدارەدانی کوالێتی گشتگیر بە شێوەیەکی سەرکەوتوو، دەتوانین گرنگترین بنەماکانیش لەم سێ خاڵەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

1.دانانی ئامانجە دیاریکراو و جێگیرەکان، پاشان گرتنەبەری فەلسەفەیەکی نوێی کار و کەمکردنەوەی تێچووی دارای.
2.دووركەوتنەوە لە پشت بەستن بە تاقیکردنەوەکان وەکو تاکە ئامرازێکی هەڵسەنگاندن لە بەدەستهێنانی کوالێتی.
3.دانانی بنەماکان، و پێوەرە ڕوونەکان کە چەمکی سەرکردایەتی نیشان دەدەن،هەروەها جەختکردنەوە لە مەشق و ڕاهێنان.(ابراهيم،2012،ل66).

## 12-2پێویستی کوالێتی گشتگیر لە پرۆسەی فێرکاری دا :

سیستەمی پەروەردە لە هەموو وڵاتانی جیهان بەرپرسیارە لە ئامادەکردنی توانا مرۆییەکانی پێویست بۆ کارکردن لە هەموو بوارێکی پیشەیی و پیشەسازی و بازرگانی و سەربازیدا و سەرچاوەیەکە کە هەموو پیشەکان لێیەوە سەرچاوە دەگرن. لەکاتێکدا بەڕێوەبردنی کوالیتی گشتگیر

پێویستییەکی هەنوکەیە بۆ هەموو دامەزراوەیەکی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری، گرنگترین شت ئەوەیە کە لە بەڕێوەبردنی فێرکارییەوە دەست پێبکرێت، چونکە دەرئەنجامەکانی دامەزراوەیەکی فێرکاری باش پێویستی بە پلان و داخلکراوی (مدخلات) باشە لە سیستەمی دام ودەزگاکانی خزمەتگوزاری و بەرهەمهێنانیتر، ئەم داخوازیەش لە دەرئەنجامدا بۆ بەشدارییکردنی ئەو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکاریانەیە کە بەڕێوەبردنی کوالیتی وەک بنەمایەک لە بەرنامەکانیاندا جێبەجێدەکەن، کە بووەتە هۆی سەرکەوتنی ئەو ئەودامەزراوەیە.(احمد ،2003،ل156)، ئەم بنەمایانەش وایکردووە کە پێویستی بەکارهێنانی بەڕێوەبردنی کوالیتی گشتگیر لە پرۆسەی پەروەردەدا پێویست بێت، ئەویش لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

1.بەربەستەکان لە پرۆسەی فێرکاریدا: مەبەست لێی وەبەرهێنانە لە پرۆسەی پەروەردەدا بەبێ گەڕانەوە بۆ کوالیتی گشتگیر، ئەمەش وادەکات کە بەرهەمە پەروەردەییەکان و دەرئەنجامە فێرکارییەکان بەس نەبن بۆ پڕکردنەوەی بازاڕی کاری پێویست.

2.بەرزبوونەوەی ئاماری بەتاڵی (ارتفاع معدلات البطالة): واتە دەرئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە کارێکی گونجاوی پێویست لە بەردەستدا نییە.

3.دروستبوونی بۆشای گەورە لە نێوان بەرهەم و پرۆسەی فێرکاری: لەو شوێنانەی کە پێویستی بە ژمارەیەك لە پیشە و کار هەیە کە لە لایەن پەروەردەوە دابین ناکرێت.

4.کەمی گەڕانەوە بۆبەرهێنانی پرۆسەی فێرکاری.

5. لە کاتێکدا کە پرۆسەی فێرکاری جەختبکاتەوە لە زانیاریەکان و گرنگی نەدان بە ڕەفتار و لێهاتوویەکان.

6. زۆرێک لە دەرچووانی زانکۆ لەو بوارانەدا کاردەکەن کە دوورن لە پسپۆڕییە ئەکادیمییەکانیان.(طية ،2009،ل117).

## 13-2پێوەرەکانی بڕیاردان لە سەر کوالێتی پەرتوکی قوتابخانە :

1.ڕەچاوی ئاستی زمانەوانی خوێندکاران بکات.

2.پیشەکیەکی ڕوون بگرێتەخۆی لەگەڵ لیستی بابەتەکان و لیستی زاراوە کەم بەکارهاتووە مێژوییەکان(نادر و ئەوانیتر،2024،ل604).

2.بابەتەکانی نێو پەرتوکی خوێندن لەگەڵ ژینگەیفێرخوازاندا گونجاوبێت.

3.بابەتەکانی نێو پەرتوکی خوێندن لەگەڵ قۆناغی پێگەیشتنی فێرخوازاندا گونجاوبێت.

4.ناوەڕۆکی پەرتوکی خوێندن لەگەڵ سەرجەم ئاستەکانی ئامانجە پەروەردەییەکاندا یەکبگرێتەوە.

5.ناوەڕۆکی پەرتوك لە سەر بنەمای ئەوەی کە پێویست و بنچینەیە دیاری بکرێت.

6.پەرتوکی خوێندن سەرنجڕاکێش و دڵڕفێن بێت بە ناوەڕۆکی زانستی و شێوازی پێشکەشکردنی.

6.بواری گۆڕانکاری بەردەوام و چاکسازیکردنی تیایدا بێت، ئەویش بە پێی داخوازی سەردەم و ئاراستەکانی.

7.لە دوای تەواوکردنی هەر بەش و تەوەرێك ڕاهێنان و دووبارەکردنەوە و پراکتیزەکردن و چالاکیەکانی تیادا ڕەچاو کرابێت.(الاو راغی،2010،ل43).

## 14-2توێژینەوەکانی پێشوو :

| | |
|---|---|
| 1.ناونیشانی توێژینەوە | هەڵسەنگاندنی کتێبەکانی مێژووی قۆناغی ئامادەیی لە تێڕوانینی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانەوە لە هەرێمی کوردستان-عێراق |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدان و وڵات | ماملێسی،2009، هەرێمی کوردستان- عێراق |
| ئامانجی توێژینەوە | بۆ زانینی لایەنە بەهێز و لاوازەکانی پەرتووکەکانی مێژووی قۆناغی ئامادەیی پۆلی (دەیەم و یانزەیەم و دوانزەیەم) لە تێڕوانینی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانەوە لە هەرێمی کوردستان |
| نموونەی توێژینەوە | (213)مامۆستا و سەرپەرشتیار (101) لە سلێمانی و (112) لە هەولێر |
| ڕێباز و ئامرازی توێژینەوەکە | ڕێبازی پەسنی بەکارهێنراوە، فۆرمی ڕاپرسی وەك ئامرازی توێژینەوەکە بەکارهێنراوە. |
| کەرەستەی ئاماری بەکارهێنراو | هاوکێشەی پیرسۆن ، ناوەندی شیاو. |
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | مامۆستایان و سەرپەرشتیاران هاوڕابوون لە سەرئەوەی کە پەرتووکەکانی مێژووی پۆلەکانی (دەیەم و یانزەیەم و دوانزەیەم) لە ئاستێکی لاوازدایە، واتە سەرجەم تەوەرەکانی فۆرمی ڕاپرسی کە بریتی بوون لە (ئامانجەکان، پێشەکی، ناوەڕۆك، چالاکییەکان،ئامراز و هۆکارەکانی فێرکاری، هەڵسەنگاندن،زمان و بابەت و شێوازی نووسین هونەری) ئاستی لاوازیان پێدرا لە لایەن نموونەی توێژینەوەکەوە. |

| | |
|---|---|
| 2.ناونیشانی توێژینەوە | هەڵسەنگاندنی پەرتووکی جوگرافیای سروشتی پۆلی پێنجەمی وێژەی لە ژێر ڕۆشنای پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە تێڕوانینی مامۆستایانی بابەتەوە. |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدان و وڵات | علاوي، 2015. عێراق. |
| ئامانجی توێژینەوە | بۆ زانینی لایەنە بەهێز و لاوازەکانی پەرتووکی جوگرافیای سروشتی پۆلی پێنجەمی وێژەییە لە قۆناغی ئامادەیی لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەوە لە ناو شاری بەغداد. |
| نموونەی توێژینەوە | (200) مامۆستا لە ناو شاری بەغدا کە بەشێوەی هەرەمەکی هەڵبژێردراون لە خۆگرتبوو. |
| ڕێباز و ئامرازی توێژینەوەکە | ڕێبازی پەسنی، فۆرمی ڕاپرسی وەك ئامرازی توێژینەوەکە بەکارهێنراوە. |
| کەرەستەی ئاماری بەکارهێنراو | ناوەندی شیاو،هاوکێشەی پیرسون، کێشی سەدی. |
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | سەبارەت بە ڕادەی هەبوونی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە پەرتووکی جوگرافیای سروشتی پۆلی پێنجەمی وێژەی لە ڕوانگەی مامۆستایان کە بە نموونەی توێژینەوەکە هەڵبژێردران، ئاستی بە هێزی وەرگرت، بواری ئامانجەکان بەڕێژەی(71،4%)، بواری ناوەرۆکی پەرتووك بە ڕێژەی (88،2%)، بواری چالاکیەکانی پەرتووك (78،5)، بواری زمانی پەرتووك (78،5%)، بواری هونەری و شێوەی پەرتووك (93،3%) و بواری هەڵسەنگاندن (76،9%) |

| | |
|---|---|
| 3.ناونیشانی توێژینەوە | هەڵسەنگاندنی پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان و پەروەردەی نیشتمانی قۆناغی ناوەندی لە ژێر ڕۆشنای پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەی پسپۆڕەوە. |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدان و وڵات | الأسمري، 2020، شانشینی عەرەبی سعوودی |
| ئامانجی توێژینەوە | بۆ زانینی لایەنە بەهێز و لاوازەکانی پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان و پەروەردەی نیشتمانی بوو، لە ژێر ڕۆشنای پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەی پسپۆڕەوە لە ناوچەی عەسیری فێرکاری. |
| نموونەی توێژینەوە | (92) مامۆستا و سەرپەرشتیاری پسپۆڕ لە ناوچەی عەسیری فێرکاری لەخۆگرتبوو. |
| ڕێباز و ئامرازی توێژینەوەکە | پەسنی (مەسحی)، فۆرمی ڕاپرسی وەك ئامرازی توێژینەوەکە بەکارهێنرا. |
| کەرەستەی ئاماری بەکارهێنراو | ناوەندی شیاو، هاوکۆلکەی ئەلفاکرونباخ. |
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | سەبارەت بە ڕادەی هەبوونی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان و پەروەردەی نیشتمانی بۆ قۆناغی ناوەندی لە دیدی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە ناوەندی ژمێرەی سەرجەم بوارە پێکەوە ئاستی ناوەندیان وەرگرت، هەریەك لە بوارەکانی (ئامانجەکان، ناوەڕۆك، چالاکیەکان، هەڵسەنگاندن) ئاستی ناوەندیان وەرگرت، بەڵام بواری هونەری و زمانەوانی پەرتووکەکان ئاستی زۆرباشی وەرگرت. |

| | |
|---|---|
| 4.ناونیشانی توێژینەوە | دیدی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ سەبارەت بە کتێبەکانی جوگرافیای قۆناغی ئامادەیی لە ژێر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر. |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدان و وڵات | مەجید،2023،هەرێمی کوردستان، عێراق. |
| ئامانجی توێژینەوە | بۆ زانینی لایەنە بەهێز و لاوازەکانی کتێبەکانی جوگرافیای قۆناغی ئامادەیی پۆلی (دەیەم و یانزەیەم و دوانزەیەم) بوو، لە تێڕوانینی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانەوە لە سنوری هەرسێ پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای سلێمانی و پەروەردەی چەمچەماڵ. |
| نموونەی توێژینەوە | (188) مامۆستا و سەرپەرشتیاری پەروەردەی لە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) |
| ڕێباز و ئامرازی توێژینەوەکە | ڕێبازی پەسنی بەکارهێنرا، فۆرمی ڕاپرسی وەك ئامرازی توێژینەوەکە بەکارهێنرا. |
| کەرەستەی ئاماری بەکارهێنراو | ناوەندی شیاو،هاوکێشەی پیرسون، هاوکۆلکەی ئەلفاکرونباخ. |
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | سەبارەت بە ڕادەی هەبوونی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە کتێبی جوگرافیای (دەیەم و یانزەیەم و دوانزەیەم)ی ئامادەی لە دیدی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە، سەرجەم بوارەکان |

| | |
|---|---|
| | ئاستی لاوازیان وەرگرت. |

## 2-15بەراووردی نێوان توێژینەوەکانی پێشو و توێژینەوەی ئێستا: توێژەران لەبەر ڕۆشنایی توێژینەوەکانی پێشوو ئەم خاڵانەی خوارەوەیان بۆ دەرکەوت:

1.ڕێبازی توێژینەوە:سەبارەت بە ڕێبازی بەکارهێنراو سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو کە لە توێژینەوەکەدا هاتوون ڕێبازی پەسنیان بەکارهێناوە بەم توێژینەوەی ئێستاشەوە.

2.شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوە: جگە لە توێژینەوەی (الأسمري،2020) کە لە وڵاتی شانشینی عەرەبی سعوودییە ئەنجامدراوە، سەرجەم توێژینەوەکانی تر لە وڵاتی عێراق ئەنجامدراون، بەشێوەیەك کە توێژینەوەی (عەلاوي،2015) لە پارێزگای بەغداد ئەنجامدراوە، هەریەك لە توێژینەوەکانی (مامڵێسی،2009) و (مەجید،2023) لە سنوری پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر ئەنجامدراون و توێژینەوەی ئێستاش لە سنوری ئیدارەی گەرمیان ئەنجامدراوە کە هەرێمی کوردستانی عێراق لەخۆدەگرێت.

3.ئامانجی توێژینەوە: سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو ئامانجیان زانینی لایەنی بەهێزی و لاوازی پەرتوکی خوێندن بوو، لە ڕوانگەی مامۆستایان یان مامۆستایان سەرپەرشتیارانەوە پێکەوە. بەجۆرێك کە (مامڵێسی،2009) ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی وەرگرتووە سەبارەت بە بەهێزی لاوازی پەرتوکی خوێندن، (عەلاوی،2015)یش ئامانجی زانینی لایەنی بەهێزی و لاوازی پەرتوکی خوێندن بووە لە تێروانینی مامۆستایانی بابەتەوە، (الأسمري،2020) ئامانجی زانینی لایەنی بەهێزی و لاوازی پەرتوکەکانی خوێندن بووە لە ژێر ڕۆشنای پێوەرەکانی کۆالێتی گشتگیر لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانەوە،(مەجید،2023) ئامانجی زانینی لایەنی بەهێزی و لاوازی پەرتوکی خوێندن بووە، لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە لە ژێر ڕۆشنای پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر، توێژینەوەی ئێستاش ئامانجی زانینی بەهێزی و لاوازی پەرتوکی خوێندنە، لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە لە ژێر ڕۆشنای پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر.

4.نموونەی توێژینەوە: سەبارەت بە نموونەی توێژینەوە، توێژینەوەی (مامڵێسی،2009)(213) مامۆستاو سەرپەرشتیاری بە نموونەی توێژینەوەکەی وەرگرتوە،(عەلاوي،2015)(200) مامۆستای بە نموونەی توێژینەوەکەی وەرگرتووە، (الأسمري،2020)(92) مامۆستا و سەرپەرشتیاری بە نموونەی توێژینەوەکەی وەرگرتووە، توێژینەوەی (مەجید،2023)(188) مامۆستا و سەرپەرشتیاری بە نموونەی توێژینەوەکەی وەرگرتووە، توێژینەوەی ئێستاش (141) مامۆستا و سەرپەرشتیاری بە نموونەی توێژینەوە وەرگرتووە.

5.ئامرازی توێژینەوە: سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو بە توێژینەوەی ئێستاشەوە، فۆرمی ڕاپرسیان بۆئامرازی توێژینەوەکەیان بەکارهێناوە.

6.بابەت و قۆناغی توێژینەوە: توێژینەوەی (مامڵێسی،2009) لە سەر پەرتوکەکانی مێژوو لە قۆناغی ئامادەی توێژینەوەکەی ئەنجامداوە، توێژینەوەی (علاوي،2015) لە سەر پەرتووکی جوگرافیای سروشتی پۆلی پێنجەمی ئامادەی توێژینەوەکەی ئەنجامداوە، توێژینەوەی (ئەسمەری،2020) لە سەر پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان و پەروەردەی نیشتمانی لە قۆناغی ناوەندی توێژینەوەکەی ئەنجامداوە، توێژینەوەی (مەجید،2023) لە سەر پەرتووکەکانی جوگرافیای قۆناغی ئامادەی توێژینەوەکەی ئەنجامداوە، توێژینەوەی ئێستاش لە سەر پەرتووکەکانی بابەتەکۆمەڵایەتیەکانی پۆلی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم) لە قۆناغی بنەڕەتی ئەنجامدراوە.

## 3.بەشی سێیەم

**3-1ڕێبازی توێژینەوەکە :** لێرەدا توێژەران هەستاون بە هەڵبژاردنی ڕێبازی پەسنی ،کە لەگەڵ ناوەڕۆك و ئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا گونجاوە.

**3-2کۆمەڵگەی توێژینەوەکە :** لە سەرجەم ئەو مامۆستایانە پێکدێت، کە وانەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی پۆلی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم) دەڵێنەوە، لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی بازنەی سێیەم لە سنوری پەروەردەی کەلار بۆ هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ)، کە ژمارەیان (285)مامۆستایە لەگەڵ (10) سەرپەرشتیاری پەروەردەی پسپۆڕ لە ڕەگەزی نێر.

**3-4نموونەی توێژینەوەکە :** نموونەی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە سەرپەرشتیاران و ئەو مامۆستایانەی کە وانەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان دەڵێنەوە لە پۆلەکانی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتی، کە پێکهاتوون لە (136) مامۆستای بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پۆلەکانی(7، 8، 9) بنەڕەتی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار بۆ هەردوو ڕەگەزی( نێر و مێ) کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردران، (79) مامۆستایان لە (19) قوتابخانەی ناو شاری کەلار و قوتابخانەی چەند گوندێکی دەوروبەری شاری کەلار هەڵبژێردران، (48) مامۆستا لە (12) قوتابخانەی ناو شاروچکەی ڕزگاری و قوتابخانەی چەند گوندێکی دەوروبەر هەڵبژێردران، (9) مامۆستاش لە سنوری ناحیەی پێباز هەڵبژێردران. لەگەڵ (5) سەرپەرشتیاری پسپۆری بابەتە کۆمەڵایەتیەکان کە سەرجەمیان لە ڕەگەزی (نێر)بوون و ماوەی خزمەتیشیان لە دە ساڵ زیاتر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەستکەوتی زانستی (3) یان بەکالۆریۆس و یەکیان ماستەر و یەکیان دبلۆمی گەشەپێدان بوو . لە خشتەی ژمارە (5) دا ڕەگەز و ساڵانی خزمەت و دەستکەوتی خوێندنی مامۆستایانی نموونەی توێژینەوەکە دەخەینەڕوو :

خشتەی (5) جۆری ڕەگەز و ساڵانی خزمەت و دەستکەوتی خوێندن لای مامۆستایانی نموونەی توێژینەوەکە.

| گۆڕاوەکان | ئاستی گۆڕاوەکان | دووبارەبوەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 82 | %58 |
| | مێ | 59 | %42 |
| دەستکەوتی خوێندن | بکالۆریۆس | 134 | %95 |
| | دبلۆمی باڵا | 3 | %2 |
| | ماستەر | 4 | %3 |
| | دکتۆرا | / | / |
| ساڵانی خزمەت لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا | کەمتر لە 5 ساڵ | / | / |
| | 5- 10 ساڵ | 5 | %3 |
| | 10ساڵ زیاتر | 136 | %97 |

**3-5 ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە :** لە توێژینەوەی زانستیدا چەندین ئامراز بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بوونی هەیە، هەر توێژینەوەیەك ئامرازێکی گونجاو و تایبەت بە خۆی هەیە، کە بەندە بە ئامانج و جۆری نموونە و سروشتی توێژینەوەکە. (بۆکانی،2020،ل132) هەڵبژاردنی ئامراز بۆ هەر توێژینەوەیەك یەکێکە لە مەرجە زانستیەکان بێ گومان ئەمەش پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیاری وورد و فراوان هەیە. بۆیە توێژەران لە پێناو فراوانکردن و پەرەپێدانی ئامرازێك بۆ توێژینەوەکە و پاش پێداچونەوە بە ئەدەبیات و توێژینەوەکانی پێشووی نزیك لە بابەتی توێژینەوەکە و بە پشت بەستن بە هەریەك لە توێژینەوەکانی (عەلاوي،2015) (قەحتانی،2016)، (ئەسمەري،2020) (فەلیح،2022)،(علي,2024) و پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی پۆلەکانی (حەوتەم و هەشتەم ونۆیەم)ی بنەڕەتی توانیان ئامرازێك بە شێوەیەکی سەرەتای ئامادە بکەن کە (106) بڕگەی لە خۆ گرت و دابەشبوو بەسەر (7) بواردا، سەبارەت بە وەڵامدانەوەی بڕگەکانیش توێژەران پشتیان بە پێوەری پێنجی لێکەرت بەست، کە بۆ وەڵامدانەوەی هەر بڕگەیەکیش (پێنج) بژاردەیان دەستنیشانکرد ئەوانیش (زۆر بەهێز، بەهێز، ناوەند، لاواز، زۆر لاواز).

**3-6ڕاستێتی ئامرازی توێژینەوەکە :** پاش ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە، توێژەران پشتیان بە ڕاستێتی ڕواڵەتی بەست سەبارەت بە ڕاستی و دروستی ئامرازی توێژینەوەکە. مەبەست لە ڕاستێتی ئامرازی توێژینەوە ئەوەیە کە ئامرازەکە لە ڕواڵەتدا دیاردەکە ئەپێوێت، بۆ ئەو مەبەستەش بوار و بڕگەکان پیشانی چەند کەسێکی شارەزای بوارەکە دەدرێت بۆ ئەوەی ڕای خۆیان لە سەر (گونجاوی و نەگونجاوی و ڕاستکردنەوە)ی بوار و بڕگەکان دەربڕن. (بۆکانی، 2020،ل154)، توێژەران بۆ دۆزینەوەی ڕاستێتی ڕواڵەتی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکەیان دابەشکرد بەسەر کۆمەڵێك لە شارەزایانی بوارەکانی (دەروونناسی، ڕێگاکانی وانەوتنەوە، کۆمەڵناسی، جوگرافیا، مێژوو، تەکنۆلۆژیای فێرکاری) کە ژمارەیان (11) شارەزابوون، دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان و وەرگرتنی بۆچوونی شارەزایان، تەنها ئەو بڕگانە مانەوە کە ڕێژەی ڕێکەوتن لەسەر مانەوەیان (84%) بوو، واتە بە پشتبەستن بە بۆچوونی (11/9) شارەزا ، بە شێوەی کۆتای بوارەکانی ئامرازی توێژینەوەکە (7) بوار و (76) بڕگەی لە خۆگرت. هەروەك لە خشتەی ژمارە (6) دا خراوەتەڕوو :

خشتەی (6) بڕگە وبوارەکانی ئامرازی توێژینەوەکە پێش و پاش دەرهێنانی ڕاستێتی ڕواڵەتی

| ژ | بوارەکانی فۆرمی توێژینەوەکە | ژمارەی بڕگەکان لە سەرەتادا | بڕگەی لادراو | بڕگەی ڕاستکراوە | ژمارەی کۆتای بڕگەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پێشەکی پەرتووك | 12 | 2 | . | 10 |
| 2 | ناوەڕۆکی پەرتووك | 19 | 8 | . | 11 |
| 3 | لایەنەکانی هونەری و زمانەوانی پەرتووك | 17 | 5 | 1 | 11 |
| 4 | ئامانجەکانی پەرتووك | 15 | 5 | . | 10 |
| 5 | ئامراز و هۆکارەکانی فێرکردن (وێنەو نەخشەو هێڵکاری ناو پەرتووکەکە) | 14 | 3 | 1 | 11 |
| 6 | هەڵسەنگاندن (پرسیارەکانی کۆتایی بەشەکان) | 15 | 4 | 1 | 11 |
| 7 | چالاکییەکانی پەرتووك(ڕاهێنان و پراکتیزەکردنەکان) | 14 | 2 | . | 12 |
| | ناوەندی شیاوی گشتی هەر حەوت بوارەکە | 106 | 29 | 3 | 76 |

**3-7جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە :** واتە مەبەست لێ ئەوەیە، کە ئەگەر لە هەمان بارودۆخدا فۆرمی توێژینەوەکە جێبەجێکرا بەسەر نموونەیەك، ئەوا ئەنجامێکی هاوشێوە یان زۆر نزیك بەدەستەوە بدات، ئەمەش بە ژماردنی هاوکۆڵکەی پەیوەندی نێوان ئەو ئەنجامەی لە جاری یەکەم و ئەو ئەنجامەی کە لە جاری دووەمدا بە دەستهێنراوە دەپێورێت. توێژەران بۆ دەرهێنانی جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە دوو جۆریان لە جێگیری پەیڕەوکرد.

**1.ڕێگای دووباره جێبەجێکردنەوە (طريقة اعادة اختبار) :** بۆ دەرهێنانی جێگیری بەم ڕێگایە ، توێژەران هەستان بە بەکارهێنانی ڕێگای دووبارە جێبەجێکردنەوە، بە گرتنەبەری ئەم شێوازەش ئامرازەکە بە سەر (28) مامۆستا لە دەرەوەی نموونەی توێژینەوەکە جێبەجێکرا، جیاوازی کات لە نێوان جێبەجێکردنی یەکەم جار و دووبارە جێبەجێکردنەوەی بۆ جاری دووەم (15) ڕۆژ بوو، لە بەرئەوەی پێویستە ئەم ماوەیە لە دوو یان سێ هەفتە زیاتر نەبێت، بۆئەوەی کەسە بەشداربووەکانی هەندێك لە وەلامەکانیان لە بیرنەچێت، پاشان توێژەران هاوکێشەی پەیوەستی پێرسۆنیان بەکارهێنا بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان تێکڕای نمرەکانی جێبەجێکردنی یەکەم ودووەم، لە ئەنجامدا جیگیری برگەکانیش (0,862) بوو کە ئەمەش ڕێژەیەکی باشە بە نسبەت جێگیرییەوە، لەم بارەیەوە (کوبر) ئاستی نەگۆڕی دیاریکردووە ئەگەر ڕێژەی هاوڕا بوونەکە (70%) کەمتر بێت ئەوا ئاستی نەگۆڕی ئامرازەکە بە نزم هەژمار دەکرێت، بەڵام ئەگەر ڕێژەی هاوڕابوون لە (80%) زیاتر بوو ئەوا ئاستی نەگۆڕی ئامرازەکە بە ئاستێکی بەرز هەژمار دەکرێت. (الازرق،2000،ل178).

خشتەی (7) دەرهێنانی جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە بە ڕێگای دووبارە جێبەجێکردنەوە

| جێبەجێکردن | ژمارەی مامۆستایان | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی پیرسۆن |
|---|---|---|---|---|
| یەکەم جار | 28 | 3،241 | 5،77 | 0,862 |
| دووەم جار | 28 | 3،102 | 3،96 | |

**2.ڕێگای ئەلفاکرونباخ :** توێژەران پێوانەی جێگیری برگەکانیان بە ڕێگەی ئەلفاکرونباخیش دۆزییەوە کە بۆ دیاریکردنی جێگیری ناوەکی بەکارهێنرا، ئەم ڕێگەیە ئاستی گونجاوی برگەکان دەردەخات کە تا چەند برگەکانی هەمان بابەت پێوانەکە دەدەن بەدەستەوە. توێژەران فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکەیان بەسەر (28) مامۆستا، کە لە دەرەوەی نموونەی توێژینەوەکەدا بوون دابەشکرد، بۆ دەرهێنانی ڕێژەی جێگیری بەم ڕێگایە و ئەنجامەکەشی (0،886) بوو.

**3-8 ئەنجامدانی ئامرازەکە بەسەر نموونەی توێژینەوەکە :** پاش دەرهێنانی ڕاستێتی و جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە، دواتر توێژەران هەستان بە دابەشکردنی فۆرمی توێژینەوەکە، لە ڕێکەوتی (2025/4/6 ) تاوەکو( 2025/5/19)، کە بریتی بوو لە (136) مامۆستا و (5) سەرپەرشتیاری پسپۆری بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ قۆناغی بنەڕەتی بازنەی سێیەم لە ئەو قوتابخانەی کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار بوون و دەکەونە سنوری قەزای کەلارەوە.

**3-9ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان لە توێژینەوەکەدا :**

1.هاوکۆلکەی پەیوەستی پیرسۆن Person Correlation Coefficient:-بۆ دۆزینەوەی نەگۆڕی ئامرازی توێژینەوەکە بەکارهاتووە.

$$ر = \frac{ن\ کۆ\ س\ ص - کۆ\ س \times کۆ\ ص}{\sqrt{\{ن1\ کۆ\ س2 - (کۆ\ س)2\}\ \{ن2\ کۆ\ ص2 - (کۆ\ ص)2\}}}$$

ر = هاوکۆلکەی پەیوەستی پیرسۆن

ن= ژمارەی تاکەکان

س = نمرەی تێبینەری یەکەم

ص = نمرەی تێبینەری دووەم.

کۆ = سەرجەم ( الإمام وآخرون، 1990، ل155 )

2. ناوەندی شیاو (الوسط المرجح): بۆ ژماردنی هێزی برگەکان، یەك نمرە دراوە بە ئەلتەرناتیڤی یەکەم (زۆر لاواز)، دوو نمرە بە ئەلتەرناتیڤی دووەم (لاواز)، سێ نمرە بە ئەلتەرناتیڤی سێیەم (ناوەند)، چوار نمرە بە ئەلتەرناتیڤی چوارەم (بەهێز) پێنج نمرە بە ئەلتەرناتیڤی پێنجەم (زۆر بەهێز).

$$ناوەندی\ شیاو = \frac{(ت1\times1)،(ت2\times2)،(ت3\times3)،(ت4\times4)،(ت5\times5)}{مج\ت}$$

ت= دووبارەبووەکان

مج ت= سەرجەم دوبارەبوەکان (صبری،2006، ل106)

3.ناوەندە ژمێرەی: بۆ دەرهێنانی ئەنجامی بوار و برگەکانی فۆرمی تێبینیکردن بەکارهاتووە.

$$س^- = \frac{مج\ س}{ن}$$

س= ناوەندەژمێرەی

مج= سەرجەمی ژمارەکان

ن=ژمارەی ژمارەکان

4.هاوكۆلكەی ئەلفاكرونباخ: بۆ دۆزینەوەي جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە. (سلامة و ابومغلي، 2002، ل49)

## 4.بەشی چوارەم :

## 1-4دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە و راڤەکردنی :

پاش دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە بە سەر نموونەی توێژینەوەکە، کە (136) مامۆستای بابەتەکۆمەڵایەتیەکانی لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی بازنەی سێیەمی سەر بە قەزای کەلاري لە خۆگرت لەگەڵ (5)سەرپەرشتیاری پسپۆر لە ڕەگەزی نێر ، دواتر بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان بۆ شیکارکردنی زانیارییەکان، توێژەران هەستان بە خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، ئەویش بە پێی ئامانجی توێژینەوەکە کە لە پێشووتردا دانرابوون، جا بۆ دڵنیابوون و وردی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەران هەستان بە هەڵبژاردنی پێوەری پێنجی لیکەرت بەم شێوەیە (بەڕادەیەکی زۆر بەهێز، بەهێز، ناوەند، لاواز، زۆر لاواز) نمرەی برگەکانیش لە پێوەرەکەدا بەم شێوەیە بوو ژمار (5) بۆ (بەڕادەیەکی زۆر بەهێز) ، ژمارە (4) بۆ (بەهێز)، ژمارە (3) بۆ (ناوەند)، ژمارە (2) بۆ (لاواز )، ژمارە (1) بۆ (زۆر لاواز ) و بە دیاریکراوی کێشیی برگەکانیان بەم شێوەیە دیاریکرا، مەودا =5 – 1=4، کێشیي ناوەندی = 5÷4=0,80 ،کە ئەمەش بووە هۆی دابەش بوونی مەودایی ناوەندی بۆ وەڵامی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، هەروەك لە خشتەی (8) خراوەتەرو:

خشتەی (8)کێشی ناوەندی بۆ برگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە

| پێوەر | ئاستی ئەنجامدان |
|---|---|
| 5 - 4,21 | زۆر بەهێز |
| 4,20 -3,41 | بەهێز |
| 3,40 - 2,61 | ناوەمد |
| 2,60 - 1,81 | لاواز |
| 1,80 - 1 | زۆر لاواز |

لەم بەشەدا توێژەران هەستان بە خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و شیکارکردنیان ئەویش بە پێی ئەو ئامانجانەی کە پێشووتر لە توێژینەوەکە دانرابوون. بەم شێوەیەی کە لە خوارەوەدا هاتووە:

***سەبارەت بە ئامانجی یەکەم کە دەقەکەی بەم شێوەیە بوو** " زانینی ئاستی بەردەستبوونی پێوەرەکانی کوالیتی گشتگیر بۆ پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پسپۆڕەوە بە شێوەیەکی گشتی. بۆ ئەم مەبەستەش توێژەران هەستاون بە دەرهێنانی ناوەندی شیاوی گشتی بە شێوەیەکی ڕیزبەندی بۆ بوارەکان، کە لە خشتەی (5) خراوەتەروو:

خشتەی (9) ناوەندی شیاوی گشتی لەگەڵ لادانی پێوەری بۆ هەریەك لە بوارەکانی توێژینەوەکە بە پێی وەڵامدانەوەی نموونەی توێژینەوەکە(مامۆستایان و سەرپەرشتیاران)

| ژ | برگەکان | مامۆستایان | | | سەرپەرشتیاران | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | ئاست | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | ئاست |
| 1 | پێشەکی پەرتووك | 3,10 | 14،8 | ناوەند | 3،12 | 4،10 | ناوەند |
| 2 | ناوەرۆکی پەرتووك | 3,18 | 13،9 | ناوەند | 3،29 | 5،17 | ناوەند |
| 3 | لایەنەکانی هونەری و زمانەوانی پەرتووك | 3،48 | 11،8 | بەهێز | 3،56 | 4،79 | بەهێز |
| 4 | ئامانجەکانی پەرتووك | 3،21 | 12،6 | ناوەند | 3 | 2،99 | ناوەند |
| 5 | ئامراز و هۆکارەکانی فێرکردن(وێنەو نەخشەو هێڵکاری ناو پەرتووکەکە) | 3،53 | 13،01 | بەهێز | 3،20 | 3،99 | ناوەند |
| 6 | هەڵسەنگاندن (پرسیارەکانی کۆتایی بەشەکان) | 3،15 | 12،6 | ناوەند | 3،03 | 5،33 | ناوەند |
| 7 | چالاکییەکانی پەرتووك(ڕاهێنان و پراکتیزەکردنەکان) | 3,42 | 14،1 | بەهێز | 2،71 | 2،73 | ناوەند |
| | ناوەندی شیاوی گشتی هەموو بوارەکان | 3,29 | 13,25 | ناوەند | 3،13 | 4،15 | ناوەند |

ئەگەر بڕوانینە خشتەی(9) بۆمان دەردەکەوێت کە ناوەندی شیاوی سەرجەم برگەکانی توێژینەوەکە لای مامۆستایان لە ئاستی ناوەنددایە ، بە ناوەندی شیاوی گشتی (3،29)، بە هەمان شێوە ناوەندی شیاوی گشتی سەرجەم برگەکانی توێژینەوەکە لای سەرپەرشیارانی پسۆریش لە ئاستی ناوەنددایە بە ناوەندی شیاوی گشتی (3،13)، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی پۆلەکانی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتی لە ئاستی بەهێز یان زۆربەهێزدانیە و کەموکورتی هەیە، بە تایبەت لە هەریەك لە بوارەکانی (پێشەکی پەرتووك، ناوەرۆکی پەرتوك، ئامانجەکانی پەرتوك، هەڵسەنگاندن (پرسیارەکانی کۆتایی بەشەکان) ) لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە، چونکە تەنها بوارەکانی (لایەنەکانی هونەری و زمانەوانی پەرتووك، وێنە و نەخشە و هێڵکاری ناو پەرتووك، چالاکیەکانی پەرتوك )یان بە بەهێز داناوە، بەڵام سەرپەرشتیارانی پسپۆر تەنها بواری (لایەنەکانی هونەری و زمانەوانی پەرتووك)یان بە

بەهێز داناوە، کە مامۆستایانیش هەمان بواریان بە بەهێز داناوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ پێکەوە هاوڕان لە سەر ئەوەی کە لایەنی زمانەوانی و هونەری پەرتووك کە موکورتی لاوازییەکی ئەوتۆیان تیادا نییە. دەرئەنجامی توێژینەوەکە بە گشتی هاوڕاییە لەگەڵ دەرئەنجامی توێژینەوەکەی (الأسمري،2020) کە لە وولاتی سعودیە ئەنجامدرا بوو هەروەها دەرئەنجامی گشتی توێژینەوەکە ئاستی ناوەندی وەرگرتبوو. بەڵام پێچەوانەی هەریەك لە دەرئەنجامی توێژینەوەکانی (مامڵێسی2009) و (مەجید،2023) بوو کە لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجامدراون و ئاستی لاوازیان وەرگرتووە. هەروەها پێچەوانەی توێژینەوەی (علاوي،2015) بوو کە لە عێراق ئەنجامدراوە و ئاستی بەهێزی وەرگرتووە.

***سەبارەت بە ئامانجی دووەم کە ئەمە دەقەکەیەتی "** زانینی ئاستی بەردەستبوونی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر بۆ پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان پۆلی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە بۆ هەریەك لە بوارەکانی (پێشەکی پەرتووك، ناوەرۆکی پەرتووك، لایەنەکانی هونەری و زمانەوانی پەرتووك، ئامانجەکانی پەرتووك، ئامراز و هۆکارەکانی فێرکردن (وێنەو نەخشەو هێڵکاری ناو پەرتووکەکە)، هەڵسەنگاندنی پەرتووك، چالاکیەکانی پەرتووك) بە شێوەیەکی جیا جیا. بۆ ئەم مەبەستەش توێژەران هەستاون بە دەرهێنانی ناوەندی شیاوی گشتی هەریەك لە بوارەکان بەجیا لەگەڵ لادانی پێوەری و دەستنیشانکردنی ئاستی هەر بڕگەیەك بە پێی ئەو پێنج هەڵبژاردەی کە لە ئامرازی توێژینەوەکەدا بۆ وەڵامدانەوەی ئاستی بڕگەکان دانراوە. لە خشتەی (10) ناوەندی شیاوی و لادانی پێوەری و ئاستی بڕگەکانی پێشەکی وەك یەکێك لە بوارەکانی ئامرازی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو :

**1.پێشەکی پەرتووك :** ئەم بوارە لە (10) بڕگە پێکدێت، هەروەك لە خشتەی ژمارە (10)خراوەتەڕوو، ناوەندی شیاوی گشتی بڕگەکانی ئەم بوارە بریتییە لە (3،10) بۆ مامۆستایان و بە لادانی پێوەری گشتی (14،8) کە ئەمەش ئاماژەییە بۆ ئەوەی کە بۆ چوونی مامۆستایان لە ئاستی ناوەندداییە. بەڵام ناوەندی شیاوی گشتی بوارەکە لای سەرپەرشتیاران (3،12)یە بە لادانی پێوەری گشتی(4،10) کەواتە دیدی سەرپەرشتیاران بۆ بوارەکە بە هەمان شێوەی مامۆستایان لە ئاستی ناوەنداییە.

خشتەی (11) ناوەندی شیاو لادانی پێوەری و دەسنیشانکردنی ئاستی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی بواری پێشەکی پەرتووك بۆ مامۆستایان و سەرپەرشتیاران

| ژ | بڕگەکان | مامۆستایان | | | سەرپەرشتیاران | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | ئاست | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | ئاست |
| 1 | لە پێشەکی دا ئاماژە بە ڕەگەز و بەشەکانی پەرتووکەکە کراوە. | 3،89 | 14،9 | بەهێز | 3،60 | 4،24 | بەهێز |
| 2 | تیایدا بیرۆکەیەکی پوخت دەربارەی ناوەرۆکی پەرتووکەکە خراوەتەڕوو. | 3،57 | 15،6 | بەهێز | 2،80 | 7،07 | بەهێز |
| 3 | هۆکارێکە بۆ زیاد بوونی پاڵنەری خوێندکاران بۆ خوێندنەوەی بابەتەکانی نێو پەرتووکەکە. | 3،94 | 12،9 | بەهێز | 2،80 | 2،64 | بەهێز |
| 4 | ئاماژە بە ئامانجە گشتیەکانی پەرتووکەکە کراوە. | 2،55 | 14،8 | لاواز | 3،40 | 0،70 | ناوەند |
| 5 | تیایدا ڕێنمای تایبەت بە خوێندکاران خراوەتەڕوو. | 1،78 | 19،3 | زۆر لاواز | 3،20 | 4،24 | زۆرلاواز |
| 6 | لە ڕێگەیەوە بابەتەکانی نێو پەرتووکەکە بە شێوەیەکی لۆژیکی خراوەتەروو . | 3،38 | 16،6 | ناوەند | 2،80 | 7،07 | ناوەند |
| 7 | مامۆستا و خوێندکارانی ئاراستەکردووە بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەی تری زانستی دەربارەی بابەتەکانی نێو پەرتووکەکە. | 3,26 | 13،8 | ناوەند | 3،40 | 0،70 | ناوەند |
| 8 | بیرۆکە گشتیەکانی پەرتووکەکە ئاماژەی پێکراوە. | 3,19 | 10،6 | ناوەند | 3،20 | 4،24 | ناوەند |
| 9 | لە پێشەکی دا گرنگی پەرتووکەکە بۆ خوێندکاران خراوەتەڕوو. | 1،76 | 13،4 | زۆر لاواز | 2،80 | 7،07 | لاواز |
| 10 | خوێندکاران لە ڕێگەیەوە ئاشنای ئامانج و شێوازەکانی خوێندنەوەی پەرتووکەکە دەبن. | 3،68 | 16،4 | ناوەند | 3،20 | 3،05 | ناوەند |
| | ناوەندی شیاوی گشتی سەرجەم بڕگەکانی بوارەکە | 3،10 | 14،8 | ناوەند | 3،12 | 4،10 | ناوەند |

ئەگەر بڕوانینە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت ، کە ناوەندی شیاوی گشتی وەڵامدانەوەی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران پێکەوە لە ئاستی ناوەندداییە، مامۆستایان (3،10) و سەرپەرشتیارانیش(3،12) واتە ئاستی وەڵامەکانیان دەریدەخات کە پەرتوکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پۆلەکانی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم) ی بنەڕەتی لە ئاستی زۆر بەهێز و بەهێزدانین. کەواتە مامۆستایان و سەرپەرشتیاران سەرنج و تێبینیان هەیە لە سەر پێشەکی پەرتوکەکە و پێیان وایە کە پێشەکی پەرتوکەکە دەبێت دووبارە پێداچوونەوەی بۆ

بکرێت. بە شێوازێك بێ کە گرنگی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ مامۆستا و خوێندکار بخرێتەڕوو لەگەڵ ئامانجە گشتیەکان، هەروەها سەرنج ڕاکێش بێت بۆ خوێندکاران و ئاماژە بە سەرجەم یەکە و بەشەکانی پەرتوکەکە بکات بە ڕوونی.

بەهێزترین برگەش لای مامۆستایان بریتییە لە برگەی ژمارە (4) بە ناوەندی شیاوی(3،94) و لاوازترین برگەش بریتییە لە برگەی ژمارە (10) کە ئاستی زۆر لاوازی وەرگرتوە بە ناوەندی شیاوی(1،76) بە گشتی بۆ سەرجەم برگەکانی بوارەکە (3) برگە لە ئاستی بەهێزدان. (4)برگەش لە ئاستی ناوەند و (1) برگەش لە ئاستی لاواز و(2) برگەش لە ئاستی زۆرلاواز. بەڵام بەهێزترین برگە لای سەرپەرشتیاران بریتییە لە برگەی ژمارە (1) بەناوەندی شیاوی (3،60)و ئاستی بەهێزی وەرگرتوە، لاوازترین برگەش برگەکانی (2 ، 3، 6، 9) کە ناوەندی شیاویان بریتییە لە (2،80) لە کۆی (10) برگەکە (3) برگەیان ئاستی بەهێز و (5) برگەیان ئاستی ناوەند و (1) برگەیان ئاستی لاواز و (1) برگەیش ئاستی زۆر لاوازی وەرگرتووە.

**2.ناوەرۆکی پەرتووك :** ئەم بوارە لە (11) برگە پێکدێت، هەروەك لە خشتەی ژمارە (11) دا خراوەتەڕوو، ناوەندی شیاوی گشتی برگەکانی ئەم بوارە بریتییە لە (3،18) بۆ مامۆستایان و لادانی پێوەری گشتی بریتییە لە (13،9) کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بۆ چوونی مامۆستایان لە ئاستی ناوەنداییە. بەڵام ناوەندی شیاوی گشتی بوارەکە لای سەرپەرشتیاران بریتییە لە(3،29) و لادانی پێوەری گشتی بریتییە لە (5،17)، کەواتە دیدی سەرپەرشتیاران بۆ بوارەکە بە هەمان شێوەی مامۆستایانە کە لە ئاستی ناوەنداییە.

خشتەی (11) ناوەندی شیاو لادانی پێوەری و دەستنیشانکردنی ئاستی هەر برگەیەك لە برگەکانی بواری ناوەرۆکی پەرتووك بۆ مامۆستایان و سەرپەرشتیاران

| ژ | برگەکان | مامۆستایان | | | سەرپەرشتیاران | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | ئاست | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | ئاست |
| 1 | ناوەرۆکی پەرتووکەکە بە نوێگەری و زانستی تایبەتمەندە. | 3،33 | 15،8 | ناوەند | 3،20 | 3،51 | ناوەند |
| 2 | بەشەکانی پەرتووکەکە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە و تەواوکەری یەکترن. | 3،41 | 11،8 | بەهێز | 3،80 | 9،19 | بەهێز |
| 3 | تایبەتمەندە بە ڕاستێتی و وردێتی زانستی. | 3،38 | 15،5 | ناوەند | 3،80 | 9،19 | بەهێز |
| 4 | لە ناوەرۆکی پەرتووکەکەدا بایەخ بەهەستەکانی نیشتمان پەروەری و نەتەوەیی دراوە. | 1،77 | 16،9 | زۆر لاواز | 3،80 | 1،52 | بەهێز |
| 5 | بایەخ بە بەها پەروەردەی و ئەخلاقیە پەسەندەکان دراوە . | 3،16 | 10،8 | ناوەند | 3،40 | 1،70 | ناوەند |
| 6 | بە شێوەیەك دارێژراوە کە یارمەتیدەری فێرخوازانە لە بەدەستهێنانی لێهاتوویە مەعریفی و ویژدانی و دەروون جوڵەییەکان. | 3،32 | 15،3 | ناوەند | 3،20 | 5،65 | ناوەند |
| 7 | بە هاوسەنگی بەسەر هەردوو وەرزی خوێندندا دابەشکراوە. | 3,23 | 9،8 | ناوەند | 3،60 | 4،24 | ناوەند |
| 8 | ناوەرۆکی پەرتووکەکە لەگەڵ ئامانجەکانی پەرتووکەکە یەکدەگرێتەوە. | 3,16 | 14،4 | ناوەند | 3،20 | 5،65 | ناوەند |
| 9 | تیایدا ڕەچاوی گەشەی ئەقڵی فێرخوازان کراوە. | 3,21 | 16،1 | ناوەند | 3،20 | 5،65 | ناوەند |
| 10 | بابەتی سەرنج ڕاکێش و وروژێنەری لە خۆگرتووە کە ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی فێرخوازان پاڵنەریان بۆ فێربونی بابەتەکانی نێو پەرتووکەکە زیاتربێت. | 3,05 | 14،4 | ناوەند | 2،80 | 7،07 | ناوەند |
| 11 | هاندەری فێرخوازانە بۆ زیاتر پشت بەستن بەخوود. | 3,16 | 13،1 | ناوەند | 2،20 | 3،53 | ناوەند |
| | ناوەندی شیاوی گشتی سەرجەم برگەکانی بوارەکە | 3,18 | 13،9 | ناوەند | 3،29 | 5،17 | ناوەند |

ئەگەر بڕوانینە خشتەی ژمارە (11)ی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت ، کە ناوەندی شیاوی گشتی وەڵامدانەوەی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران پێکەوە لە ئاستی ناوەنداییە، مامۆستایان (3،18) و سەرپەرشتیارانیش(3،29) واتە ئاستی وەڵامەکانیان دەریدەخات کە پەرتوکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پۆلی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتی لە ئاستی زۆر بەهێز و بەهێزدانین واتە پێویستیان بەوەیە کە چاکسازیان تیادا بکرێت. بەهێزترین برگەش لای مامۆستایان بریتییە لە برگەی ژمارە (2) بەناوەندی شیاوی(3،41) کە لە ئاستی بەهێز و لاوازترین برگەش بریتییە لە برگەی ژمارە (4) بە ناوەندی شیاوی (1،77) کە ئەویش ( لە ناوەرۆکی پەرتووکەکەدا بایەخ بەهەستەکانی نیشتمان پەروەری و نەتەوەیی دراوە) کە ئاستی زۆر لاوازی وەرگرتووە، بۆچونی مامۆستایان ئەوەیە کە لە پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکاندا گرنگی بەلایەنی خۆش ویستنی نیشتمان و وواڵت نەدراوە لای خوێدکاران، بۆیە پێویستە ناوەرۆك پەیوەندیداربێت لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەی کە خوێندکاری تیادا دەژی و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە و لایەنەکانی بێت و بە تایبەتی ڕەچاوی لایەنی نیشتمان پەروەری و نەتەوەی تیادا بکرێت تا وەکو خوێندکار زیاتر خاك ونیشتمانی خۆی خۆش بوێت و پارێزگاری لێبکات و شانازی بە نەتەوەکەیەوە بکات ، بە گشتی جگە لە برگەی(2) کە ئاستی زۆربەهێز و(4)کە ئاستی زۆرلاوازی وەرگرتووە سەرجەم برگەکانی تر ئاستی ناوەندیان وەرگرتووە.

سەبارەت بە سەرپەرشتیارانیش بەهێزترین برگەکان، برگەکانی (2، 3، 4) کە ئاستی بەهێزیان وەرگرتووە بە ناوەندی شیاوی(3،80)، لاوازترین برگەی ژمارە (2،11) وەرگرتووە بە ئاستی ناوەند.واتە (4) برگە ئاستی بەهێز و (7)برگەش ئاستی ناوەندیان گرتووە.

**3. لایەنەکانی هونەری و زمانەوانی پەرتووک :** ئەم بوارە لە (11) برگە پێکدێت، هەروەك لە خشتەی ژمارە (12) دا خراوەتەروو، ناوەندی شیاوی گشتی برگەکانی ئەم بوارە بریتییە لە (3،48) بۆ مامۆستایان و بە لادانی پێوەری گشتی (11،8) کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بۆ چوونی مامۆستایان لە ئاستی بەهێزدایە. بەڵام ناوەندی شیاوی گشتی بوارەکە لای سەرپەرشتیاران بریتییە لە (3،56) و لادانی پێوەری گشتی(4،79) کەواتە دیدی سەرپەرشتیاران بۆ بوارەکە بە هەمان شێوەی دیدی مامۆستایانە کە لە ئاستی بەهێزدایە.

خشتەی (12) ناوەندی شیاو و لادانی پێوەری و دەسنیشانکردنی ئاستی هەر برگەیەك لە برگەکانی بوارەکە بۆ مامۆستایان وسەرپەرشتیاران

| ژ | برگەکان | مامۆستایان | | | سەرپەرشتیاران | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | ئاست | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | ئاست |
| 1 | بەرگی دەرەوەی پەرتووکەکە سەرنج ڕاکێش و لە جۆری بەهێز و پتەوە. | 3،58 | 11،3 | بەهێز | 3،60 | 2،64 | بەهێز |
| 2 | لە سەر بەرگی پەرتووکەکە ناوی دانەران و چاپخانە و ساڵی چاپکردن نوسراون. | 4،13 | 13،4 | زۆر بەهێز | 3،60 | 2،64 | بەهێز |
| 3 | وێنەی سەر بەرگی پەرتووکەکە لەگەڵ ناوەرۆکی پەرتووکەکەدا یەکدەگرێتەوە. | 3،42 | 15،6 | بەهێز | 3،80 | 1،52 | بەهێز |
| 4 | قەبارەی پەرتووکەکە گونجاوە لەگەڵ ئاستی خوێندن و تەمەنی خوێندکاران. | 3،38 | 9،3 | ناوەند | 3،40 | 0،70 | ناوەند |
| 5 | کوالێتی پەڕەکانی پەرتووکەکە لە جۆری  باشن و بە شێوەیەکی توند بەیەکەوە بەستراون. | 3،19 | 12،3 | ناوەند | 3،40 | 0،70 | ناوەند |
| 6 | پەرتووکەکە بە شێوەیەکی تایبەتمەند گرنگی بە پیشاندانی ناونیشان و چەمکە سەرەکیەکان داوە. | 3،41 | 11،7 | بەهێز | 3،80 | 9،19 | بەهێز |
| 7 | فۆنتی بەکارهێنراو و بۆشاییەکانی نێوان دێڕ و ووشەکان گونجاون. | 3,50 | 13،6 | بەهێز | 3،60 | 4،24 | بەهێز |
| 8 | ڕەنگی کاغەزی پەرتووکەکە لە جۆری سپی گونجاوە و نابێتە هۆی ماندوبوونی چاو. | 3،38 | 15،3 | ناوەند | 3،80 | 9،19 | بەهێز |
| 9 | پابەندە بە یاساکانی خاڵبەندی و هەڵەی چاپ و ڕێنووسی تیادا نابینرێت. | 3،47 | 14،2 | ناوەند | 3،80 | 9،19 | بەهێز |
| 10 | زمانی بەکارهێنراوی پەرتووکەکە لەگەڵ ئاستی  توانا و پێگەیشتنی خوێندکاران گوونجاوە | 3،42 | 11،9 | بەهێز | 3،60 | 4،24 | بەهێز |
| 11 | ووشەی نامۆ و ناڕوونی تیادا نابینرێت. | 3،45 | 10،6 | بەهێز | 2،80 | 8،48 | ناوەند |
| | ناوەندی شیاوی گشتی سەرجەم برگەکانی بوارەکە | 3,48 | 11،8 | بەهێز | 3،56 | 4،79 | بەهێز |

ئەگەر بڕوانینە خشتەی ژمارە (12) ی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت ، کە ناوەندی شیاوی گشتی وەڵامدانەوەی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران پێکەوە لە ئاستی بەهێزدایە، واتە مامۆستایان بە ناوەندی شیاوی (3،48) و سەرپەرشتیارانیش بە ناوەندی شیاوی گشتی (3،56)  واتە ئاستی وەڵامەکانیان دەریدەخات کە پەرتوکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ  پۆلەکانی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتی لە ئاستی بەهێزدان و لاوازی و کەموورتیەکی ئەوتۆیان نیە لە ڕووی زمانەوانی و هونەری. بەهێزی بواری هونەری و زمانەوانی پەرتوکیش دەبێتەهۆی ئەوەی کە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەرکەوێت و پاڵنەری فێرخوازانیش بۆ خوێندنەوەی پەرتووکەکە زیاتر بکات  و هەروەها فێرخوازان بە ئاسانی لێی تێبگەن و ببێتەهۆی باشتربوونی پرۆسەی فێربوون.  بەهێزترین برگەش لای مامۆستایان بریتییە لە برگەی ژمارە(2) و ناوەندی شیاوی بریتییە لە (4،13) و لاوازترینیش برگەش  ناوەندی شیاوی(3،19) وەرگرتووە. لای سەرپەرشتیارانیش بەهێزترین برگە بریتییە لە  برگەکانی (3، 6، 8، 9) کە  ناوەندی شیاویان بریتییە لە(3،80) و ئاستی بەهێزیان وەرگرتووە و لاوازترینیش برگەش  بریتییە لە برگەی ژمارە (11) کە ناوەندی شیاوی (2،80) ی وەرگرتووە.ب ەگشتی لای مامۆستایان هەشت برگە ئاستی بەهێز و (3) برگە ئاستی ناوەندیان وەرگرتوە. لای سەرپەرشتیارانیش (8)برگە ئاستی بەهێز و (3) برگە ئاستی ناوەندیان وەرگرتووە.

**4.ئامانجەکانی پەرتووک :** ئەم بوارە لە (10) برگە پێکدێت، هەروەك لە خشتەی ژمارە (13)خراوەتەروو، ناوەندی شیاوی گشتی برگەکانی ئەم بوارە بریتییە لە (3،21) بۆ مامۆستایان و بە لادانی پێوەری گشتی (12،6) کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بۆ چوونی مامۆستایان لە ئاستی ناوەنددایە. بەڵام ناوەندی شیاوی گشتی بوارەکە لای سەرپەرشتیاران  بریتییە لە (3) و بە  لادانی پێوەری گشتی(2،99)، کەواتە دیدی سەرپەرشتیاران بۆ بوارەکە بە هەمان شێوەی دیدی مامۆستایانە کە  لە ئاستی ناوەنددایە.

خشتەی (13) ناوەندی شیاوی و لادانی پێوەری و دەسنیشانکردنی ئاستی هەر برگەیەك لە برگەکانی بوارەکە بۆ مامۆستایان و سەرپەرشتیاران

| ژ | برگەکان | مامۆستایان | | | سەرپەرشتیاران | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | ئاست | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | ئاست |
| 1 | ئامانجەکانی پەرتووکەکە تایبەتمەندە بە نەرمێتی و شیاوی لە رووی جێبەجێکردنەوە. | 3،33 | 13،6 | ناوەند | 3 | 3،60 | ناوەند |
| 2 | ئامانجەکان توانای پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنیان هەیە. | 3،06 | 11،9 | ناوەند | 3،20 | 3،05 | ناوەند |
| 3 | لە سەرەتای هەر بەش و باسێکی پەرتووکەکەدا ئامانجەکانی خراوەتەڕوو. | 3،32 | 13،4 | ناوەند | 3،40 | 5،50 | ناوەند |
| 4 | لە دانانی دا کارامەییەکانی فێرخوازان لە بەرچاو گیراوە. | 3،36 | 15،6 | ناوەند | 2،80 | 1،15 | ناوەند |
| 5 | ڕەچاوی بواری ئامانجە مەعریفیەکان بەپێی پۆلێنی بلۆم (ناسینەوە، تێگەیشتن، پراکتیزەکردن،شیکردنەوە، پێکهێنان، هەڵسەنگاندن)کراوە | 3،16 | 10،2 | ناوەند | 3،20 | 3،05 | ناوەند |
| 6 | وێنایەکی روون و گشتگیر لە ناوەڕۆك و چالاکیەکانی پەرتووکەکە دەخاتەڕوو. | 3،23 | 13،3 | ناوەند | 3،40 | 0،70 | ناوەند |
| 7 | فێرخوازان ئاراستە دەکات بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە و رێکخستن. | 3،22 | 12،2 | ناوەند | 2،80 | 1،15 | ناوەند |
| 8 | فێرخوازان بۆ ئامانجە هەمە جۆرەکانی ژیان ئامادە دەکات. | 3،27 | 10،6 | ناوەند | 2،80 | 1،15 | ناوەند |
| 9 | لە دانانی ئامانجەکاندا هاوسەنگی ڕاگیراوە لە نێوان هەریەك لە ئامانجە مەعریفی و لێهاتووی و ویژدانیەکان. | 2،99 | 11،9 | ناوەند | 2،80 | 7،07 | ناوەند |
| 10 | لە دانانی ئامانجەکاندا پێویستی و داواکارییەکانی کۆمەڵگا لە بەرچاو گیراوە. | 3،16 | 13،3 | ناوەند | 2،60 | 3،53 | لاواز |
| | ناوەندی شیاوی گشتی سەرجەم برگەکانی بوارەکە | 3،21 | 12،6 | ناوەند | 3 | 2،99 | ناوەند |

ئەگەر بڕوانینە خشتەی ژمارە (13) ی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت ، کە ناوەندی شیاوی گشتی وەڵامدانەوەی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران پێکەوە لە ئاستی ناوەندداییە، واتە مامۆستایان بە ناوەندی شیاوی (3،21) و سەرپەرشتیارانیش (2،99)، واتە ئاستی وەڵامەکانیان دەریدەخات کە پەرتوکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پۆلەکانی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتی لە ئاستی زۆربەهێز وبەهێزدانین. بێ گومان ئامانج بەشێکی سەرەکییە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، هاوکات بە یەکێك لە بنەماکانی پەرتووکی خوێندن دادەنرێت، هەر لە سەرەتاوە بەشدار دەبێت تاکو کۆتای پرۆسەکە، بۆیە پێویستە گشتگیربێت و سەرجەم لایەنەکانی پەرتووکەکە لە خۆبگرێت، پێویستە پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی پۆلی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەمی بنەڕەتی لە رووی ئاستی گەشەی فیرخوازان و ئامانجە مەعریفی و وێژدانی و کارامەی و دەرون جوڵەییەکانەوە پەرەی پێبدرێت، تاکو ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بروابەخۆبوون لایفێرخوازان . بەهێزترین برگەش لای مامۆستایان برێتییە لە برگەی ژمارە(4) و ناوەندی شیاوی (3،36) وەرگرتووە و لاوازترین برگەش برێتییە لە برگەی ژمارە (9) بە ناوەندی شیاوی (2،99). لای سەرپەرشتیارانیش بەهێزترین برگە برێتین لە برگەکانی (3، 6) کە بە ناوەندی شیاوی (3،40) ئاستی ناوەندیان وەرگرتووە و لاوازترینیش برگەش برێتییە لە برگەی ژمارە (10) کە ناوەندی شیاوی برێتییە لە (2،60) بەگشتی لای مامۆستایان سەرجەم برگەکان ئاستی ناوەندیان وەرگرتوە ، لای سەرپەرشتیارانیش جگە لە برگەی ژمارە (10) کە ئاستی لاوازی وەرگرتووە، سەرجەم برگەکانی تر ئاستی ناوەندیان وەرگرتوە.

**5.ئامراز و هۆکارەکانی فێرکردن (وێنەو نەخشەو هێڵکاری ناو پەرتووکەکە) :** ئەم بوارە لە (11) برگە پێکدێت، هەروەك لە خشتەی ژمارە (14) دا خراوەتەڕوو، ناوەندی شیاوی گشتی برگەکانی ئەم بوارە برێتییە لە (3،50) بۆ مامۆستایان و بە لادانی پێوەری گشتی (12،2) کە ئەمەش ئاماژەییە بۆ ئەوەی کە بۆ چوونی مامۆستایان لە ئاستی بەهێزداییە. بەڵام ناوەندی شیاوی گشتی بوارەکە لای سەرپەرشتیاران برێتییە لە (3،21) بە لادانی پێوەری گشتی(3،99)، کەواتە دیدی سەرپەرشتیاران بۆ بوارەکە لە ئاستی ناوەندداییە.

خشتەی (14) ناوەندی شیاو لادانی پێوەری و دەسنیشانکردنی ئاستی هەر برگەیەك لە برگەکانی بوارەکە لای مامۆستایان و سەرپەرشتیاران

| ژ | برگەکان | مامۆستایان | | | سەرپەرشتیاران | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | ئاست | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | ئاست |
| 1 | وێنە و نەخشەکان گونجاون لەگەڵ قۆناغی فێرکاری و تەمەن وگەشەی فێرخوازان . | 3،52 | 11،6 | بەهێز | 3,20 | 3,05 | ناوەند |
| 2 | لە سەر بنەمای سەرنج ڕاکێشی و روونی دانراون. | 3،55 | 13،1 | بەهێز | 3,20 | 3,05 | ناوەند |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3 | بە هاوسەنگی بەسەر هەموو بەشەکانی پەرتووکەکەدا دابەشبوون. | 3،48 | 12،7 | بەهێز | 3,40 | 5,50 | ناوەند |
| 4 | لە ڕێگەیانەوە ئامانجە فێرکارییەکان بەدی دەهێنرێن. | 3،32 | 16،5 | ناوەند | 2,40 | 5،50 | لاواز |
| 5 | بەشێوازی ڕەنگاو ڕەنگ خراونەتەڕوو. | 3,96 | 11،3 | بەهێز | 3,80 | 9،19 | بەهێز |
| 6 | ڕەنگەکان بەپێی سروشتی ڕاستەقینەی چەمك و زاراوەکان بەکارهێنراون. | 3،42 | 14،7 | بەهێز | 3,40 | 0،70 | ناوەند |
| 7 | ڕۆڵی تەواوکەری بابەتی فێرکاری دەگێرن. | 3،29 | 9،8 | ناوەند | 3 | 3،60 | ناوەند |
| 8 | لە شوێنی گونجاوی نێو پەرتووکەکەدا دانراون. | 3،34 | 12،3 | ناوەند | 3,40 | 0،70 | ناوەند |
| 9 | جۆراوجۆرن بەپێی هەڵوێستە فێرکارییەکان. | 3،37 | 11،2 | ناوەند | 3 | 3،60 | ناوەند |
| 10 | شێوازی داڕشتنەوەیان هاوکاتە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلوجیا لە پرۆسەی فێربوندا. | 3،10 | 14،8 | ناوەند | 3 | 3،60 | ناوەند |
| 11 | هێڵکاری و وێنەو خشتەکان ناونیشانی ڕوونیان بۆ دانراوە. | 4،14 | 15،2 | بەهێز | 3،41 | 5،50 | ناوەند |
| | ناوەندی شیاوی گشتی سەرجەم برگەکانی بوارەکە | 3،50 | 12،2 | بەهێز | 3،21 | 3،99 | ناوەند |

ئەگەر بڕوانینە خشتەی ژمارە (14)ی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت ، کە ناوەندی شیاوی گشتی وەڵامدانەوەی مامۆستایان لە ئاستی بەهێزداییە بەناوەندی شیاوی (3،50) بەهێزترین برگەش بریتییە لە برگەی ژمارە (11) کە ناوەندی شیاوی (4،14) گرتووە، لاوازترینیش برگەش بریتییە لە برگەی ژمارە (10) کە ناوەندی شیاوی بریتییە لە (3،10) بە ئاستی ناوەند. لای سەرپەرشتیارانیش ناوەندی شیاوی گشتی برگەکان لە ئاستی ناوەندداییە بە ناوەندی شیاوی (3،21) کە ڕوانگەیان بۆ ئەم بوارە لە ئاستی بەهێز یان زۆر بەهێزدانیە، وێنە و نەخشەکانی ناو پەرتووکی خوێندن ڕۆڵی گرنگ دەگێرن لە ئاسانکاری پرۆسەی فێربوون لای قوتابیان و یارمەتیدەری قوتابیانن بۆ ئەوەی زانیارییەکان بۆ ماوەیەکی دورمەودا لە بیریاندا بمێنێتەوە و سەرنجی فێرخوازانیش بۆ بابەتەکانی نێو پەرتووکەکە زیاتر دەکەن. بۆیە پێویستە گرنگی زیاتر بەم بوارە بدرێت لە پەرتووکەکانی خوێندندا. بەهێزترین برگەش لای سەرپەرشتیاران بریتییە لە برگەی ژمارە (5) کە ناوەندی شیاوی (3،80) وەرگرتوە، لاوازترینیش برگەی ژمارە (4) کە ناوەندی شیاوی (2،40) وەرگرتووە. لە کۆی برگەکان لای مامۆستایان (6) برگە ئاستی بەهێزیان گرتوەو (5) برگەش ئاستی ناوەند. لای سەرپەرشتیارانیش (1) برگە ئاستی لاواز و (1)برگە ئاستی بەهێز و ئەوانیتر سەرجەمیان ئاستی ناوەندیان وەرگرتووە.کەواتە پەرتوکەکان لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانەوە ئاستی زۆربەهێز یان بەهێزیان وەرنەگرتووە.

**6.هەڵسەنگاندن (پرسیارەکانی کۆتایی بەشەکان) :** ئەم بوارە لە (11) برگە پێکدێت، هەروەك لە خشتەی ژمارە (14) دا خراوەتەڕوو، ناوەندی شیاوی گشتی برگەکانی ئەم بوارە بریتییە لە (3،15) بۆ مامۆستایان و بە لادانی پێوەری گشتی (12،6) ئەمەش ئاماژەییە بۆ ئەوەی کە بۆ چوونی مامۆستایان لە ئاستی ناوەنددایە. بەڵام ناوەندی شیاوی گشتی بوارەکە لای سەرپەرشتیاران (3،03) و لادانی پێوەری گشتی(5،33)، کەواتە دیدی سەرپەرشتیاران بۆ بوارەکە بە هەمان شێوەی دیدی مامۆستایانە کە لە ئاستی ناوەنددایە.

خشتەی (15) ناوەندی شیاو لادانی پێوەری و دەستنیشانکردنی ئاستی هەر برگەیەك لە برگەکانی بوارەکە لای مامۆستایان و سەرپەرشتیاران

| ژ | برگە | مامۆستایان | | | سەرپەرشتیاران | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | ئاست | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | ئاست |
| 1 | لە هەستپێکراو بۆ ناهەستپێکراو ڕیزبەند کراون. | 2،92 | 14،7 | ناوەند | 2،60 | 3،53 | ناوەند |
| 2 | پرسیارەکان بە شێوەیەکی ڕوون و وورد داڕێژڕاون. | 3,53 | 11,6 | بەهێز | 3،80 | 9،19 | بەهێز |
| 3 | پرسیارەکان جەخت دەکەنەوە لە مەودای تێگەیشتنی فێرخوازان. | 3،22 | 13,7 | ناوەند | 3،40 | 0،70 | ناوەند |
| 4 | لە دانانی پرسیارەکاندا ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی نێوان فێرخوازان کراوە. | 2،51 | 10،8 | ناوەند | 3،20 | 5،65 | ناوەند |
| 5 | بە ئاراستەی پەرەپێدان بە بیرکردنەوەی زانستی فێرخوازان داڕێژراون. | 2،53 | 10،6 | لاواز | 2،60 | 3،53 | ناوەند |
| 6 | یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن و پارێزگاریلێکردنی زانیارییەکان لای فێرخوازان . | 2،82 | 12،6 | لاواز | 3 | 3،60 | ناوەند |
| 7 | پرسیارەکان جۆراوجۆرن لە جۆری پرسیاری گوتاری و بابەتی. | 4،30 | 14،6 | زۆر بەهێز | 3،80 | 9،19 | بەهێز |
| 8 | پاڵنەری پەرەپێدانی لێهاتوویەکانی توێژینەوە و گەڕان لای فێرخوازان . | 3،11 | 3،13 | ناوەند | 2،20 | 3،53 | ناوەند |
| 9 | لە سەر بنەمای زمانێکی پاراو سادە دانراون. | 3،38 | 13،9 | ناوەند | 3،60 | 9،89 | بەهێز |
| 10 | لە دانانیاندا پێوانەی ئاستە بەرزەکانی | 2،35 | 15،2 | لاواز | 2،20 | 4،94 | ناوەند |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | بیرکردنەوەی تیادا ڕەچاوکراوە. | | | | | |
| 11 | پاڵنەر لای فێرخوازان زیاتر دەکەن بۆ گرنگی دانی زیاتر بە بابەتی خوێندن. | 3,98 | 12،4 | بەهێز | 3 | 4،94 | ناوەند |
| | ناوەندی شیاوی گشتی سەرجەم بڕگەکانی بوارەکە | 3,15 | 12،6 | ناوەند | 3،03 | 5،33 | ناوەند |

ئەگەر بڕوانینە خشتەی ژمارە (15) ی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت ، کە ناوەندی شیاوی گشتی وەڵامدانەوەی مامۆستایان لە ئاستی ناوەنداییە بە ناوەندی شیاوی (3،15)، لە هەمان کاتدا ناوەندی شیاوی گشتی سەرجەم بوارەکە لای سەرپەرشتیارانیش لە ئاستی ناوەنداییە بە ناوەندی شیاوی گشتی (3،03)، کەواتە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بواری هەڵسەنگاندن (پرسیارەکانی کۆتایی بەشەکان) لە ئاستی زۆربەهێز یان بەهێزدا نیە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پرسیارەکان ڕەنگدانەوەی ئەو چەمکە بنەڕەتیانەی لە خۆنەگرتووە کە پێویستە فێرخوازان فێری ببن و بەدەستیبهێنن ، ئەو پرسیارانە هەمەچەشننین لە ڕووی ئاستە مەعرفیەکانەوە و پشت بە دەرخکردن دەبەستن لای فێرخوازان. بۆیە پێویستە چاکسازی تیادا بکرێت و بەهێزتر بکرێت، چونکە قۆناغی بنەڕەتی قۆناغێکی گرنگە و بنەمایە بۆ سەرجەم قۆناغەکانی تر. بۆیە پێویستە پەرتوکەکانی خوێندن بۆ ئەم قۆناغە بە شێوازێك دابنرێت لە ئاستی زۆربەهێز یان بەهێزدا بێت بۆ سەرجەم بوارەکان. بەهێزترین بڕگە لای مامۆستایان بڕگەی ژمارە (7) کە لە ئاستی زۆربەهێز دایە ، بە ناوەندی شیاوی (4،30) و لاوازترین بڕگەش بریتییە لە بڕگەی ژمارە (4)، بەناوەندی شیاوی (2،51) کە لە ئاستی ناوەندیدایە. بەهێزترین بڕگەش لای سەرپەرشتیاران بریتییە لە بڕگەی ژمارە(8) بەناوەندی شیاوی (2،20) کە لە ئاستی ناوەندایە. لای مامۆستایان (5) بڕگە ئاستی ناوەندیان وەرگرتوە و (2)بڕگەش ئاستی بەهێز و (1) بڕگەش ئاستی زۆر بەهێز و (3) بڕگەش ئاستی لاوازیان وەرگرتوە.بەڵام لای سەرپەرشتیاران (3)بڕگە ئاستی بەهێز و (8) بڕگەش ئاستی ناوەندیان وەرگرتوە.

**7.چالاکییەکانی پەرتووك(ڕاهێنان و پراکتیزەکردنەکان) :** ئەم بوارە لە (12) بڕگە پێکدێت، هەروەك لە خشتەی ژمارە (15)خراوەتەڕوو، ناوەندی شیاوی گشتی بڕگەکانی ئەم بوارە بریتییە لە (3،42) بۆ مامۆستایان و بە لادانی پێوەری گشتی (14،1)کە ئەمەش ئاماژەییە بۆ ئەوەی کە بۆ چوونی مامۆستایان لە ئاستی بەهێزدایە. بەڵام ناوەندی شیاوی گشتی بوارەکە لای سەرپەرشتیاران (2،71) و بە لادانی پێوەری گشتی (2،73)، کەواتە دیدی سەرپەرشتیاران بۆ بوارەکە لە ئاستی ناوەنداییە.

خشتەی (15) ناوەندی شیاوی و لادانی پێوەری و دەسنیشانکردنی ئاستی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی بوارەکە لای مامۆستایان و سەرپەرشتیاران

| ژ | بڕگە | مامۆستایان | | | سەرپەرشتیاران | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | ئاست | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | ئاست |
| 1 | چالاکیەکانی نێو پەرتووکەکە شارەزاییەکانی پێشووی فێرخوازان بە شارەزاییە نوێکانەوە دەبەستێتەوە. | 2،93 | 14،82 | ناوەند | 2،80 | 5،65 | ناوەند |
| 2 | پەیوەندیدارن بەناوەڕۆکی پەرتووکەکەوە. | 4،26 | 12،3 | زۆربە هێز | 3،20 | 4،24 | ناوەند |
| 3 | ڕاهێنان و پراکتیزەکردنەکانی نێو پەرتووکەکە ڕیزبەندکراون لە ئاسانەوە بۆ ئاڵۆز و گران. | 3،46 | 10،8 | بەهێز | 3 | 3،60 | ناوەند |
| 4 | گونجاون لەگەڵ تواناو گەشە و ئاستی زانیاری فێرخوازاندا. | 3،98 | 12،4 | بەهێز | 3 | 3،60 | ناوەند |
| 5 | فێرخوازان بۆ کاری هەرەوەزی و بە کۆمەڵ هاندەدەن. | 3،49 | 14،8 | بەهێز | 3،20 | 3،05 | ناوەند |
| 6 | توانای تێگەیشتنی فێرخوازان بۆ زانیارییەکان زیاتر دەکەن. | 3،38 | 16،3 | ناوەند | 3 | 3،60 | ناوەند |
| 7 | فێرخوازان تواناادار دەکەن لە سەر گفتوگۆ و دیالۆگ و چارەسەری کێشەکان. | 3،34 | 13،9 | ناوەند | 2،60 | 3،53 | ناوەند |
| 8 | لە ڕێگەی ئەنجامدانی چالاکیەکانەوە فێرخوازان دەبنە تەوەری سەرەکی لە پرۆسەی فێرکاریدا. | 3،29 | 17،7 | ناوەند | 3،60 | 2 | بەهێز |
| 9 | یارمەتی فێرخوازان دەدەن بۆ گەڕان بەدوای زانیاری و دۆزینەوەکان. | 3،43 | 12،8 | بەهێز | 2،60 | 3،53 | ناوەند |
| 10 | لە ڕاهێنان و پراکتیزەکردنەکاندا ڕەچاوی ئامانجە مەعریفی و ویژدانی کارامەییەکان کراوە. | 2،56 | 20،6 | لاواز | 2،80 | 1،15 | ناوەند |
| 11 | دەبنە هۆی پێشکەشکردنی فیدباك بۆ فێرخوازان . | 3،57 | 11،4 | بەهێز | 3 | 3،05 | ناوەند |
| 12 | هاندەری فێرخوازانن لە بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیادا. | 3،43 | 12،7 | بەهێز | 2،60 | 1،52 | ناوەند |
| | ناوەندی شیاوی گشتی سەرجەم بڕگەکانی بوارەکە | 3،42 | 14،1 | بەهێز | 2،71 | 2،73 | ناوەند |

ئەگەر بڕوانینە خشتەی ژمارە (15)ی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت ،کە ناوەندی شیاوی گشتی وەڵامدانەوەی مامۆستایان لە ئاستی بەهێزدایە بە ناوەندی شیاوی (3،42) کە بە چەند نمرەیەکی کەم ئاستی ناوەندی تێپەڕاندوە. بەڵام لای سەرپەرشتیاران ناوەندی شیاوی گشتی بوارەکە لە ئاستی ناوەندیدایە بە ناوەندی شیاوی (2،71)، کەواتە بواری چالاکییەکانی پەرتووك(ڕاهێنان و پراکتیزەکردنەکان) لای سەرپەرشتیاران ئاستی زۆربەهێز یان بەهێزی وەرنەگرتووە و بە ئاستی ناوەندە بە نمرەیەکی نزم بۆیە پێویست دەکات پێداچوونەوە بەم بوارەدا بکرێت،بە تایبەت لە لایەنی ڕەچاوکردنی ئامانجە مەعریفی و ویژدانی و کارامەییەکانی ئەم بوارە لە ڕهێنان و پراکتیزەکردنەکاندا کە گرنگی خۆی هەیە بۆ فێرخوازان و لە ڕێگەیەوە فێرخوازان دەبنە تەوەری سەرەکی لە پرۆسەی فێربووندا،لای مامۆستایان (1) بڕگە ئاستی زۆربەهێز و (7) بڕگەش ئاستی بەهێز و (4)بڕگەش ئاستی ناوەند و (1)بڕگەش ئاستی لاوازی وەرگرتووە. بەڵام لای سەرپەرشتیاران (1) بڕگە ئاستی بەهێزی وەرگرتووە، سەرجەم بڕگەکانی تر ئاستی ناوەندیان وەرگرتوە.

***سەبارەت بە ئامانجی سێیەم کە ئەمە دەقەکەیەتی** " زانینی ئاستی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بە پێی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر بۆ پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان پۆلی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر و مێ)" بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش توێژەران هەستاون بە دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری و بەهای (T.test)هەژمارکراو خشتەی لای نموونەی توێژینەوەکە کە هەروەك لە خشتەی ژمارە (16)خراوەتەڕوو:

خشتەی(16) ناوەندی شیاو لادانی پێوەری و بەهای تائی(T.test) هەژمارکرا و خشتەی لای مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز

| T.test | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | دووبارەبوەکان | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری0،05 |
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەی | |
| نێر | 82 | 449،57 | 17،23 | 134 | 0،897 | 1،980 | بەڵگەداری نیە |
| مێ | 59 | 446،89 | 15،78 | | | | |

ئەگەر بڕوانینە خشتەی ژمارە (16)ی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ناوەندی ژمێرەی ڕەگەزی نێر (449،7) و هەروەها لادانی پێوەری (17،23)، بەڵام ناوەندی ژمێرەی ڕەگەزی مێ (446،89) و لادانی پێوەری (15،78)، نمرەی ئازادیش(134). بەهای (T.test) تائی هەژمارکراو بریتیە لە (0،897) و بچوکترە لە بەهای تائی خشتەی کە بریتییە لە (1،980) و ئەمەش ئەوە دەردەخات کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لای نموونەی توێژینەوەکە، سەبارەت بە ئاستی بەردەستبوونی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پۆلەکانی (حەوتەم و هەشتەم نۆیەم)ی بنەڕەتی. هۆکاری نەبوونی جیاوازی لە نێوان ناوەندی ژمێرەی نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لای مامۆستایان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی و هاوسەنگی بیرکردنەوە و ڕوانینی هەردوو ڕەگەز دەربارەی پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی پۆلی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتی .

## 2-4دەرئەنجامەکان :

1. ئاستی بەردەستبوونی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر بۆ پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە بۆ سەرجەم بوارەکان پێکەوە لە ئاستی ناوەندیدا بووە، بە ناوەندی شیاوی (3،29)، لە هەمان کاتدا لای سەرپەرشتیارانی پسپۆڕیش لە ئاستی ناوەندیدا بوو، بە ناوەندی شیاوی (3،13). واتە ئاستی سەرجەم بوارەکان پێکەوە لای هەریەك لە مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ ئاستی بەهێز یان زۆربەهێزیان پیشان نەدا، کە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان کەم و کورتیان هەیە، بە تایبەت بۆ قۆناغی بنەڕەتی پێویستە پەرتووکەکان لە ڕووی سەرجەم بوارەکانەوە بە شێوازێکی تۆکمە و بەهێز دابڕێژێن، چونکە قوناغی بنەڕەتی قۆناغێکی بنچینەی و گرنگە بۆ سەرجەم قۆناغەکانی تر، و لەلایەکی تریشەوە پەرتوکی قوتابخانە سەرچاوەی سەرەکی فێربوونە لای قوتابیان، و مامۆستایانیش بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی پێ دەبەستن لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا.

2.ڕوانگەی مامۆستایان بۆ هەریەك لە بوارەکانی (لایەنەکانی هونەری و زمانەوانی پەرتووك، ئامراز و هۆکارەکانی فێرکردن (وێنەو نەخشەو هێڵکاری ناو پەرتووکەکە، چالاکییەکانی پەرتووك- ڕاهێنان و پراکتیزەکردنەکان) ئاستی بەهێزیان وەرگرت، بە ناوەندی شیاوی گشتی بۆ سەرجەم بڕگەکانی پەیوەست بە بوارەکە کە ئەوانیش بریتیبوون لە ( 3،48 -3،42 ،3،53) ، بەڵام نمرەکان لە پلەیەکی بەرزی ئاستی بەهێزدا نەبوون بە تایبەت بواری چالاکیەکانی پەرتووك کە ناوەندی شیاوی گشتی سەرجەم بوارەکە بریتی بوو لە (3،42)، کە ئەویش دوو نمرەی لە سەروی ئاستی ناوەندەوە بوو، سەبارەت بە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ تەنها بواری (هونەری و زمانەوانی پەرتووك) ئاستی بەهێزی وەرگرت، ئەویش بە ناوەندی شیاوی گشتی سەرجەم بوارەکە کە (3،56) بوو، بەم پێیەش مامۆستایان و سەرپەرشتیاران بۆچونیان دەربارەی ئەم بوارەی پەرتووکەکان یەك بوو، کە ئەویش ئاستی بەهێزی وەرگرت.

3.لە سەر ئاستی بڕگەکانیش لای مامۆستان لە کۆی هەر (76) بڕگەکە (42) بڕگەیان ئاستی ناوەند، (24) بڕگەیان ئاستی بەهێز، (3) بڕگەیان ئاستی زۆربەهێز، (4) بڕگەش ئاستی لاوازیان وەرگرت، (3) بڕگەش ئاستی زۆر لاوازیان وەرگرت. بەڵام سەبارەت بە سەرپەرشتیاران (53) بڕگە ئاستی ناوەندیان وەرگرت، (19) بڕگەش ئاستی بەهێز، (3) بڕگەش ئاستی لاواز، (1) بڕگەش ئاستی زۆر لاوازیان وەرگرت. بەڵام هیچ بڕگەیەك لە بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە ئاستی زۆربەهێزی وەرنەگرت لای سەرپەرشتیاران.

4.ئاستی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ) لای مامۆستایان، سەبارەت بە ڕەچاوکردنی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی پۆلی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتی نەبینرا.

## 3-4ڕاسپاردەکان :

1.دووبارە پێداچوونەوە بە پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پۆلەکانی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتی بکرێت، لە پێناو پێشخستنی خاڵە بەهێزەکان و نەهێشتنی خاڵە لاوازەکان کە توێژینەوەکە ئاشکرای کردوون.

2.بەشداریپێکردنی مامۆستایانی بابەت و سەرپەرشتیارانی پسپۆر لە کاتی پەرەپێدان و پێشخستنی پەرتووکی خوێندن.

3.دانەرانی پرۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پۆلەکانی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتی لە وەزارەتی پەروەردە، ئامانجی گشتی و تایبەتیەکانی پەرتووکەکە بە شێوازێکی روون دابڕێژن کە لە بەرژەوەندی پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا بێت.

4.پێویستە دانەرانی پەرتووکی قوتابخانە رەچاوی پێداویستیەکانی قوتابیان و کۆمەڵگا بکەن لە کاتی دانانیاندا، تاکو ئەو زانیاری و لێهاتوویانەی لێیانەوە وەری دەگرێت بتوانێت لە ژیانی رۆژانەیدا پراکتیزەیان بکات و سوودیان لێ وەربگرێت.

5.گرنگی دان بە سەرجەم بوارەکانی پەرتووکی قوتابخانە لە هەریەك لە بەرگی پەرتووك کە گونجاو لەگەڵ ناوەڕۆکی پەرتووك ، وێنەو نەخشەکانیش لە ئاستی پێویستدابن ، هەروەها پێشەکی پەرتووك لەگەڵ پرسیاری کۆتای بەشەکان . بەشێوەیەك بێت لە ئاستی بەهێز یان زۆر بەهێزدابن.

## 4-4پێشنیارەکان :

1.ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە ئەم توێژینەوەیە کە تیایدا نموونەی توێژینەوەکەی گەورەتر بێت لای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی پۆلی (حەوتەم و هەشتەم ونۆیەم)ی بنەڕەتی . کە ئەویش لە سەر ئاستی ئیدارەی گەرمیان یان پارێزگای هەڵەبجە یان وەرگرتنی نموونەیەکی گەورە لە مامۆستایان لە سەر ئاستی پارێزگای سلێمانی.

2.ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لە سەر پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی قۆناغی بنەڕەتی بەڵام مامۆستایانی پۆلەکانی تری ئەم قۆناغە بێت. سەبارەت بە پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی ئەم قۆناغە.

## لیستی سەرچاوەکان


1.بۆکانی ,سابیر (2020), میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چ2، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

2.حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پەروەردە ،لیژنەی بالای کۆنگرەی پەروەردەیی، راپۆرتی کۆتایی کۆنگرەی پەروەردەیی لە رۆژانی 22-24/ 2007/5،هەولێر،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

3.رەشید، کازم ئەجەل(2021)، هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی بە پێی پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی ، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن روشد بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان،بەشی زمانی کوردی، نامەی ماستەر.

4.عەزیز، کەریم ئەحمەد(2014)، بنەما گشتیەکانی رێگاکانی وانەوتنەوە، چ1، چاپخانەی نارین، هەولێر.

5.قەرەچەتانی، کەریم شەریف(2013)، سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، چ2، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

6.مامڵێسی، زانا عوسمان محمد(2009)، هەڵسەنگاندنی کتێبەکانی مێژووی قۆناغی ئامادەی لە تێروانینی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانەوە لە هەرێمی کوردستان-عێراق،زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی (نامەی ماستەری بڵاونەکراوە)

7.مجید, اسو سلام(2023), دیدی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆر سەبارەت بە کتێبەکانی جوگرافیای فۆناغی ئامادەیی لە ژێر رۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر, زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، (نامەی ماستەری بڵاونەکراوە)

8.محمد، کاوە علی(2019)، پەیڕەوی خوێندنی هاوچەرخ، چ1، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

9.نادر، ئەیوب خەسرەو و هەڵەت رەشید عبداللە و اسو سلام مجید(2024)، هەڵسەنگاندنی کتێبی جوگرافیای سروشتی پۆلی یازدەیەمی ئامادەی لەژێر رۆشنای پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لەدیدی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆرەوە، گۆڤاری زانکۆی راپەرین، بەرگی (11)، ژمارە(1)

10.ابراهيم،لينا محمد وفا(2012)، اساليب تدريس العلوم النظرية والتطبيق, مكتبة المجمع العربي للنشر والتوزيع، عمان_الاردن

11.ابو حويج، مروان واخرون(2002)، القياس و التقويم في التربيه وعلم النفس، ط1, الدار العلميه الدوليه, عمان_ الاردن

12.احمد،ابراهيم احمد(2003)، الجودة الشاملة في الادارة التعليمية والمدرسة ، ط1، بالاسكندرية، دار الوفاء لدينا الطباعة والنشر_جمهورية مصر عربية.

13.الازرق, صالح (2000)، علم النفس التربوي للمعلمين, ط1 ،دار الفكر العربي ، بيروت_بنان.

14.الاسمري, فايز بن علي ال صالح (2020)، تقويم كتاب الدراسات الاجتماعية والوطنية المطور بالمرحلة المتوسطة في ضوء معايير الجودة الشاملة من وجهة نظر معلمي الدراسات الاجتماعية والوطنية والمشرفين التربويين، مجلة جامعة الفيوم للعلوم التربوية والنفسية، المجلد(14)، العدد(9).

15.الأغبري، عبد الصمد (2011)، الإدارة المدرسية، البعد التخطيطي والتنظيمي المعاصر، ط1، دار النهضة العربية، بيروت_ لبنان.

16.الأمام ,مصطفى محمود وآخرون(1990)، القياس والتقويم ،ط1, وزارة التعليم العالي والبحث العلمي ، بغداد_العراق.

17.الاوراغي, محمد (2010)، لسانيات النسبية وتعليم اللغة العربية، ط1، دار الأمان، الرباط_ المغرب.

18.بلعيد, صالح (2008)، في النهوض باللغة العربية, ط4 ، دار هومة للنشر والتوزيع، الجزائر.

19.البوات ، وليد يونس خلف (2022)، دور المشرف التربوي في تنمية أداء المعلمين في المدارس الأردنية، وزارة التربية والتعليم الاردنية, مجلة العلوم الانسانية والطبيعية, المجلد (3), العدد(8)

20.البيلاوي، حسن حسيّن(2008)، الجوده الشامله في التعليم، ط3، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان_ الاردن.

21.تعشاشات، وهيبة (2022)، نحو تقويم الكتاب المدرسي من خلال المستوى المعجمي (كتاب اللغة العربية السنة الأولى متوسط انموذجا)، مجلة الصوتيات، جامعة علي لونيسي البليدة، الجزائر، لمجلد (18)، العدد(2).

22.التميمي، عواد جاسم(2009)، المنهج و التحليل الكتاب ،ط1، مطبعة دار الحوراء، بغداد_العراق.

23.الثقفي, ابراهيم بن دخيل اللة(2020)، تقويم كتاب لغتي الجميلة للصف الرابع الابتدائي بالمملكة العربية السعودية في ضوء مواصفات الكتاب المدرسي الجيد، مجلة علوم الانسانية و المجتمع, المجلد(9)، العدد(3).

24.الجامعة المستنصرية(2005)، المؤتمر العلمي الحادي عشر للتربية والتعليم، توصيات كلية التربية الاساسية ، بغداد _ العراق.

25.الحارثي,ابراهيم و سلمة منصور(2005)، المرشد في تأليف الكتاب المدرسي ومواصفاته ، د ط ، مكتب التربية العربي لدول الخليج ، الرياض _ السعودية.

26.الحسن، عبدالرحمن حسن (2018)، مدى تطبيق معايير الجودة الشاملة في المؤسسات التربوية العراقية من منظور الادارة والمعلمين، مجلة الفتح، كلية التربية، جامعة النيلين، العدد(77).
27.حلس، داود درويش ( 2004 ) ، دراسة تقويمية للأخطاء الكتابية الشائعة لدى تلاميذ الصف السادس الأساسي في محافظة غزة ، أطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة الخرطوم.
28.حمود، خضير كاظم (2009), ادارة لجودة الشاملة, ط4, دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان _الاردن
29.خاطر, نصري ذباب و فتحي ذياب سبيتان، (2010)، اساليب وطرائق تدريس الإجتماعيات، ط1، الجنادرية للنشر و التوزيع،عمان، الاردن
30.الخوالده ،محمد محمود (2007)، أسس بناء المناهج التربوية وتصميم الكتاب التعليمي، ط2 ، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان_الاردن.
31.داود، عبدالعزيز (2010)، ادارة الجودة والاعتماد الاكاديمي في مؤسسات التعليم، مكتبة الفلاح للنشر والتوزيع ، عمان_الاردن.
32.دبور, مرشد محمد (2001)، أساليب تدريس الاجتماعيات ، ط1، الدار العلمية الدولية ، عمان- الاردن.
33.دروزة، افنان نظير(2005)، الأسئلة التعليمية والتقييم المدرسي، ط1، دار الشروق، عمان_الاردن.
34.الربيعي, محمد(2012)، التقويم والارشاد والتوجيه في الميدان التربوي الرياضي, ط1، دار الكتب العلمية، بيروت_ بنان.
35.سلامة, عبد الحافظ و وائل المغلي(2002)، الاحصاء في التربية, ط1، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع ،عمان_ الاردن.
36.سلطان,نصير داخل (2017)، تقويم تدريس مادة الاجتماعيات في المرحلة الابتدائية في معايير الجودة الشاملة من وجهة نظر المعلمين ،لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية،العدد (17)
37.صبرى،عزام عبدالرحمان(2006)، الاحصاء الوصفي ونظام SPSS، ط1، جدار للكتاب العالمي، عمان_ الاردن.
38.العزاوي ، رحيم يونس كرو(2009)، سلسلة المنهل في العلوم التربية و المناهج و طرق التدريس، ط1، دار دجلة للنشر والتوزيع _ الاردن.
39.عطية، محسن علي (2008)، تكنولوجيا الاتصال في التعليم الفعال، دار المناهج للتوزيع والنشر، عمان _ الاردن.
40.علاوي, فاتمة محمد(2015)، تقويم كتاب الجغرافية الطبيعية للصف الخامس الادبي في ضوء معايير الجودة الشاملة من وجهة نظر مدرسي المادة ومدرساتها، مجلة كلية التربية الاساسية, الجامعة المستنصرية، المجلد (21)، العدد(90).
41.علي، خضير عباس(2024)، درجة توافر معيار الجودة في كتاب الاجتماعيات للصف الاول المتوسط، مجلة الفتح، جامعة ديالى، المجلد (18)، العدد(1).
عمان – الاردن.
42.فلية، فاروق عبدة(2007) ، اقتصاديات التعليم- مبادي راسخة واتجاهات حديثة ، ط1، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان_الاردن.
43.فليح, عمار اكرم(2022)، تقويم كتاب الاجتماعيات للصف الاول متوسط في ضوء معايير الجودة الشاملة، مجلة العلوم التربوية والنفسية، جامعة بغداد، كلية الاداب، العدد (151)، المجلد (6).
44.قحطاني، جميلة محمد سيف(2016)، تقويم كتاب التربية الاجتماعية والوطنية للصف الرابع الابتدائي في ضوء مواصفات الكتاب المدرسي التعليمي، مجلة كلية التربية، جامعة الازهر, مجلد(35)، العدد(171).
45.قطاوي, محمد ابراهيم (2007)، طرق تدريس الدراسات الاجتماعية، ط1، دار الفكر ، عمان_ الاردن.
46.كاظم, علي مهدي(2001)، القياس و التقويم في التعليم والتعلم، ط 1 ، دار الكندي للنشر والتوزيع, عمان، الاردن.
47.الكبساني، محمد السيد علي (2013)، مصطلحات في المناهج وطرق التدريس، ط1، مؤسسة حورس الدولية للنشر، الاسكندرية_مصر.
48.مطاوع, إبراهيم عصمت (1995)، أصول التربية ، ط1, دار الفكر العربي، القاهرة _المصر.
49.ملحم، سامی محمد(2012)، القياس والتقويم فی التربيه وعلم النفس، ط5،دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان_الاردن.
50.Muller,Dave & peter Funnell(1992), "Initiating change in further and Vocational Education : The Quality Approach", Journal of further and higher Education ,Vol. (16), No(1) , spring.
51.Shinde,Shilpa(2022), Importance of Evaluation in Teaching Learning Process, Scholarly Research Journal for Humanity Science & English Language, Vol-10/54 .

پاشکۆ(1)

ناوی هەڵسەنگێنەرانی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە بەپێی پلەی زانستیان

| ژ | ناوی سیانی | پسپۆری گشتی | پلەی زانستی | زانکۆ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | د.حسێن اسماعیل علی | کۆمەڵناسی | پرۆفیسۆر | گەرمیان |
| 2 | د.کاوە علی محمد | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی گشتی و پرۆگرام | پرۆفیسۆر | کۆیە |
| 3 | د.ڕزگار حەمەلاو خالد | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زانستە کۆمەڵایەتیەکان | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | سلێمانی |
| 4 | د.مەریوان محمد صالح | تەکنۆلۆژیای فێرکاری | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | گەرمیان |
| 5 | د.یاسین عاشور جوهر | جوگرافیا | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | گەرمیان |
| 6 | ئامانج فواد احمد | جوگرافیا | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | گەرمیان |
| 7 | د.جمعە علی محمد هواس | مێژوو | مامۆستا | گەرمیان |
| 8 | د.دڵپاك احمد حمە امین | جوگرافیا | مامۆستا | گەرمیان |
| 9 | د.محمود حمە کریم محمود | دەروونناسی مەعریفی | مامۆستا | گەرمیان |
| 10 | د.هێمن نصرالدین محمد امین | جوگرافیا | مامۆستا | گەرمیان |
| 11 | هێمن اسماعیل جبار | دەروونناسی | مامۆستای یاریدەدەر | گەرمیان |

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01-17

# Evaluating Social Studies Textbooks in Light of the General Quality Standards from the Perspectives of Teachers and Educational Supervisors

## (This is a challenging paper in the master's thesis)

**hiwa Khafar Ali[1], Bakhtiyar Habib Said [2]**

1.Garmian Training and Education Directorate, Kalar, Kurdistan Region - Iraq
2. Department of geography, College of Education ,University of Garmian, Kalar, Kurdistan Region - Iraq.

**Article Info**

| | |
|---|---|
| **Received:** | **June, 2025** |
| **Accepted:** | **July, 2025** |
| **Published:** | **August , 2025** |

**Keywords**

**Evaluation, Comprehensive Quality,Social Studies Textbook,Teachers and Supervisors.**

**Corresponding Author**

hiwaxafar1@gmail.com
bakhtiyar.habib@garmian.edu.krd

**abstract**

The purpose of this research is to evaluate the social studies textbook in light of comprehensive quality standards from the perspective of teachers and subject-matter supervisors in basic schools of the third circle in Kalar district for the school year 2024–2025.The research sample included 136 social studies teachers of both genders and 5 male subject supervisors in the General Directorate of Education in Kalar district,selected randomly.The researchers used a descriptive approach and prepared a questionnaire consisting of 76 items divided into seven fields.After developing and administering the tool,its validity and reliability were confirmed using Pearson’s correlation (r = 0.80)and Cronbach’s alpha (α = 0.86),following the application of the necessary statistical procedures.

The researchers reached the following conclusions:

**A.** To determine the extent to which comprehensive quality standards are present in the social studies textbook for the seventh,eighth,and ninth grades from the perspective of teachers and expert supervisors at the basic school stage,all fields obtained medium scores.

**B.** The level of availability of comprehensive quality standards for each field was as follows:

1. *Introduction of the book* – teachers:3.10 (medium), supervisors:3.12(medium)
2. *Content of the book* – teachers:3.18 (medium), supervisors:3.29(medium)
3. *Language and technical aspects* – teachers:3.48 (strong),supervisors:3.59(strong)
4. *Book objectives* – teachers:3.21 (medium),supervisors:3.00 (medium)
5. *Pictures and illustrations* – teachers:3.53 (strong),supervisors:3.20(medium)
6. *Questions in the book* – teachers:3.15 (medium),supervisors:3.03(medium)
7. *Book activities (exercises and applications)* – teachers:3.42(strong),supervisors:2.71(medium)

**C.** There is no statistically significant difference between the mean scores of male and female teachers based on gender variables.